# سروودی نیشتمانیی کوردستان

## بەبۆنەی ٦٥هەمینساڵیادی کۆچی دڵداری خاوەنی (ئەی رەقیب)دا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

سبەی (٦٥) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی دڵداری شاعیر تێپەڕ دەبێت کە لەبەرواری (١٩٤٨/١١/١٢)دا کۆچی دوایی کردو پاراستنی نیشتمان و ئاڵای کوردستان و (ئەی ڕەقیب)ی بە نەوەکانی دوای خۆی سپارد.

جێگەی خۆیەتی ئێمەی گەلی کوردستان لەجاران زیاتر و، بە میکانیزمی هاوچەرخ لەهەوڵی پاراستنی ناسنامەو مۆرکی نەتەوایەتیماندا بین، کە ئەوەش ویستێکی خودایە تایبەتمەندێتی نەتەوەیی گەلان جۆراوجۆر بێت بە مەبەستی یەکتر ناسین.

دیارە کە یەکێك لە خاڵە جیاکارەکانی هەر نەتەوەو دەوڵەتێکی سەردەم لەنەتەوەو دەوڵەتێکی دی، بوونی (سروودی نیشتمانی)یە، (سروودی نیشتمانیی)یش ئەگەر رۆڵی وەك ئاڵای وڵات نەبێ، ئەوا هیچی وای لەو کەمتر نییە، چونکە مەسەلەی سروودی نیشتمانی زۆر گرنگە لە ناساندنی گەلان و وڵاتان، ئەوەتا نووسەرێکی وەك (عبدالرزاق الهلالي) کە کتێبێکی گەورەی لەسەر مێژووی عێراق نووسیوە، لە سەرەتای کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هاندەری یەکەمی لە نووسینی مێژووی عێراقدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کەس هۆنراوەو ئاوازو دانەری هۆنراوەی سروودی نیشتمانیی عێراقی نەزانیوە لەسەر ئاستی باڵای ناو عێراقیشدا ئەوەتا دەڵێت:

(ئافرەتێکی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٤٦دا بە بۆنەی دامەزراندنی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ویستی کتێبێك لەسەر ئەندامانی رێکخراوەی (UN) بنووسێت کە عێراق یەکێك بوو لەوان، بۆیە ئەو ئافرەتە نووسراوی ئاراستەی هەموو وڵاتانی ئەندام کردبوو تیایدا داوای (سروودی نیشتمانیی) و دانەری (هۆنراوە)و (ئاواز) و کورتەیەك لە ژیانی کردبوو، ئەو ئافرەتە نووسراوێکی لەم بارەیەوە دا بە باڵیۆزخانەی (عێراق) لە (واشنتۆن)، باڵیۆزخانەش نووسراوەکە دەنێرێت بۆ (وەزارەتی دەرەوەی عێراق) ئەویش دەینێرێت بۆ وەزارەتی (مەعاریف) ئەویش دەینێرێت بۆ (مدیریة التربیة البدنیة) ئەمیش دەینێرێت بۆ (امریە الجوق الموسیقی) لە وەزارەتی (بەرگری)، لەوێش وەڵام نەبوو، بەم شێوەیە دوو مانگ تێپەڕی بەسەر وەڵامدانەوەی ئەو ئافرەتە ئەمریکییە، «بڕوانە بەرگی یەکەمی (معجم العراق) (عبدالرزاق الهلالی)».

جا بۆ ئەوەی ئێمەش ئاوامان بەسەر نەیەت ئەگەر رۆژێك لە رۆژان دەزگایەکی بیانی یان رێکخراوێکی دەرەوە داوای سروودی نیشتمانیی کوردستانی لێکردین، واچاکە لەخەمی زانینی دانەری هۆنراوەو ئاوازی سروودی نیشتمانیی کوردستاندا بین، چونکە (سروودی نیشتمانیی کوردستان) رۆڵی بەرچاوی هەیە لەم روانەی لای خوارەوەدا:

**یەکەم:** لێك نزیککردنەوەی رووکارە حزبییە جیاجیاکان، چونکە سروودی نیشتمانیی بازنەی فراوانی کۆکردنەوەی مارشی حزبەکانە، هەر وەکو ئاڵای کوردستان خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی ئاڵاو رەنگی حزبەکانە.

**دووەم:** هەنگاوێکە بۆ دروست کردنی هۆشیاریی راستەقینەی



ڕێزلێنان لە سروودی نیشتمانی

نەتەوەیی لە لای تاك و كۆی ناوەندو توێژەكانی كۆمەڵی كوردستانییدا، چونكە شتێكی بەڵگە نەویستە كە سروودی نیشتمانیی كوردستان لە زۆر كات و بۆنەدا بە گوێی جەماوەردا دەدرێت وەك:

**یەكەم:** لە ئاهەنگ و مەراسیمی بۆنە تایبەتەكانی دەزگا باڵاكانی حكومەتی هەرێمدا.

**دووەم:** لە ریزبوونی سەرەتای دەوامی ڕۆژانەی قوتابیان و خوێندكارانی قوتابخانەكاندا.

**سێیەم:** لە سەرەتاو كۆتایی بەرنامەكانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەكانی هەرێمدا، بە تایبەت رادیۆ و تەلەفزیۆنی رەسمی هەرێم.

**چوارەم:** لە سەرەتای یارییەكانی تیپە وەرزشییەكانی هەرێم لەگەڵ تیپەكانی دەرەوەی هەرێمدا، بە تایبەت یارییەكانی هەڵبژاردەی هەرێمی كوردستان.

سروودی ئەی ڕەقیب هۆنراوەی دڵداری شاعیرە كەناوی (یونس مەلا رەئوف مەحموودی مەلا سەعدی)یە، واتە شاعیر لە بنەماڵەیەكی مەلازادەیە، ئاوازەكەیشی هی (شێخ حوسێن بەرزنجی)یە كە لە بنەماڵەی شێخانی قەرەچێوارە. ئەم سروودە لەو سەردەمەدا دەیان مەلاو شێخ و قازی و حاكم گوێیان لێبووەو زانیویانە شاعیر چی دەڵێت و چی دەوێت، بۆیە كە دەستەواژەی (ئەی رەقیب)یان بینیوە، زانیویانە شاعیر ئەم هۆنراوەیەی لەساڵی (١٩٣٨)دا لە بەندیخانەیەكی ئێراندا نووسیوەو رووی كردۆتە پاسەوانانی بەندیخانەو پێیان دەڵێت: ئەی ڕەقیب واتە ئەی ناحەز ئەی ركابەر، نەك رەقیب بەمانای ناوی (الرقیب)پیرۆزی خودا!! دەستەواژەی دانەیی تۆپی زەمان مەبەست لێی تۆپی ئەو سەردەمە بووە كە دژی كورد بۆ كوردقڕان بەكار دەهێنرا، وەك لەدواتردا كرا بەچەكی كیمیایی، ئەگەر شاعیر لەم سەردەمەدا بووایە دەیوت: كورد قڕ ناكرێت بەچەكی كیمیایی.

بۆیە سەیرە هەندێك دەڵێن مەبەستی شاعیر رووبەڕووبوونەوەی خودایەو، دانەری تۆپی زەمان خودایە!!

دەستەواژەی (دینمانە ئاینمانە نیشتمان) گوزارشت كردنە لە(گشت)ێك بە(بەش)ێك لێی، وەك دەستەواژەی (الحج عرفە)، دیارە كە (عەرەفە)بەشێكە لەحەج نەك هەموو حەج عەرەفە بێت، بەڵام لەبەر گرنگیی (عەرەفە) بۆیە هەموو حەجی پێ پێناسە دەكرێت، هەروەها وەك (الدین النصیحة) یان (الدین المعاملة)، بۆیە شاعیر دەیەوێت بڵێت نیشتمان و خۆشەویستیی نیشتمان بەشێكی گرنگ و سەرەكییە لەدین و ئایین، نەك نیشتمان بەتەنها یەكسان بێت بە دین و ئایین!!

لێرەوە پێم باشە لەپێناوی پاراستنی سروودی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەی ڕەقیبدا هەوڵەكانمان یەك بخەین هەر لایەنە لەلای خۆیەوەو بەم شێوەیە:

**یەكەم:** پەرلەمانی كوردستان بەیاسا ئەم سرووده بەسروودی نەتەوەیی و نیشتمانیی بناسێنێت.

**دووەم:** وەزارەتی رۆشنبیریی و پەروەردەو خوێندنی باڵا باشتر بەنەوەی نوێی بناسێنن.

**سێیەم:** ئەكادیمیای كوردی و یەكێتی نووسەرانی كورد ڕاڤەی وردی وشەكانی ئەم سرووده بكەن.

**چوارەم:** لیژنەی فەتوای یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی كوردستان فەتوای ڕەوایەتی هەستان لەبەر سروودی نیشتمانیی پەسەند بكات، هەر وەك (خانەی فەتوای میسر) فەتوایەكی لەم جۆرەی پەسەند كرد.

**پێنجەم:** وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینیی گشتاندنێك بۆ ئەو فەتوایە بكات بۆ مامۆستایانی ئایینیی.

**لیژنەی فەتوای یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی كوردستان فەتوای ڕەوایەتی هەستان لەبەر سروودی نیشتمانیی پەسەند بكات، هەر وەک (خانەی فەتوای میسر) فەتوایەكی لەم جۆرەی پەسەند كرد**

**ئەی ڕەقیب واتە ئەی ناحەز ئەی ركابەر، نەک ڕەقیب بەمانای ناوی (الرقیب)پیرۆزی خودا!!**

**دەستەواژەی دانەیی تۆپی زەمان مەبەست لێی تۆپی ئەو سەردەمە بووە كە دژی كورد بۆ كوردقڕان بەكار دەهێنرا**

**دەستەواژەی (دینمانە ئاینمانە نیشتمان) گوزارشت كردنە لە(گشت)ێک بە(بەش)ێک لێی، وەک دەستەواژەی (الحج عرفە)، دیارە كە (عەرەفە) بەشێكە لەحەج نەک هەموو حەج عەرەفە بێت، بەڵام لەبەر گرنگیی (عەرەفە) بۆیە هەموو حەجی پێ پێناسە دەكرێت**


PKK
Y.P:G
PKK
2011
YPG

# مەترسییەکانی ئەقڵیەتی تۆتالیتاری و پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە قۆناخی پۆست کۆلۆنیالیدا

لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (بونیادنانی دەوڵەت، بونیادنانی نەتەوە و سیاسەتی دەستووری لە بارودۆخی دوای تەنگژەکاندا) کە چوار پرۆفیسۆری تۆژەر (ئەرمین ڤۆن بۆگدانی، ستیفان هۆبلر، فلیکس هانسچمان، رافێل ئۆتز) ئامادەیان کردووە و لەساڵی ٢٠٠٥ پێشکەشی ئامۆژگای ماکس پلانکیان کردووە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە جیاوازییەك لەنێوان پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە هەیە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئاماژەیان بە بۆچوونی چەندین بیرمەندی سیاسیی کردووە، لەوانە پرۆفیسۆر سیمۆن چێستەرمان کە زیاتر جەخت لەسەر پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت دەکات نەك بونیادنانەوەی نەتەوە، لەبەر ئەوەی چێستەرمان پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەی تایبەت کردووە بە بارودۆخی نەتەوە لە قۆناخی پۆست کۆلۆنیالیدا، بەڵام فرانسیس فۆکۆیاما کە ئەویش خاوەنی کتێبی (بونیادنانەوەی دەوڵەتە) ئاماژەی بەوەکردووە هەردوو زاراوەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و بونیادی نەتەوە بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەدوو کۆنتێکستی جیاوازدا، سیاسەتمەداران زیاتر چەمکی بونیادنانەوەی نەتەوە بەکاردەهێنن و ئەکادیمیەکان زیاتر چەمکی بونیادی دەوڵەت بەکار دەهێنن، هەروەها جامس دۆبینزی سەرۆکی ئامۆژگای رەند و هاوەڵە تۆژەرەکانی بە شێوەیەکی هاوتا باسیان لە هەردوو پرۆسەکە کردووە، بەڵام ئەوان لەگەڵ مۆدیلی ئەو پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە نین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیاوە تا عێراق پیادەی کردووە.

ئەم باسە کە تارادەیەکی زۆر وردەکاری و ئاڵۆزی لەسەر ئاستی تێوری و پراکتیك بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو پرۆسەیەی لەسەر ئاستی ئەکادیمی و سیاسیی وەك پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە (Nation Building) لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئاماژەی پێدەکرێت، پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت بووە و لەچوارچێوەی پلانی مارشاڵ بۆ ئاوەدانکردنەوە و دووبارە بونیادنانەوەی ئەڵمانیا و دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپا دەستی پێکردووە، لەژاپۆنیش دیسان بە دەستێوەردانی ئەمریکا سەرلەنوێ

**وڵاتێکی وەک عێراق کە لەچەندین نەتەوە و پێکهاتەی مەزهەبی جیاواز پێکهاتووە و لە بنەڕەتدا پێویستی بە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی هەریەک لەو پێکهاتانەیە بۆ ئەوەی ناسنامەی هاوبەشی عێراقیبوونیان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بۆ دروست بێتەوە و ئەوکات پێکەوە بتوانن لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق بەشداری بکەن**

**لەبەر ئەوەی لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە فەرامۆشکرابوو، ئەوا لەبری ئەوەی عەرەبی سوننەی عێراق دووبارە ئامادە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە عێراقی نوێدا پێگەی خۆی وەربگرێتەوە، ئەوەبوو وەک کاردانەوە ناوچەکەیان بوو بە ناوچەی تیرۆریستان**

دەوڵەتی ژاپۆن بونیادنراوەتەوە، لە دوای ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ شەوە، ئەم پرۆسەیە لە ئەفغانستان و عێراق لەلایەن ئەمریکا و ناتۆوە سەرپەرشتی کراوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە فرانسیس فۆکۆیاما هەردوو پرۆسەکە لە چوارچێوەی یەك پرۆسە بەدوو دەربڕینی جیاواز سەیر دەکات، مەسەلەکە ئەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە هەتا ئێستا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەی لەبری پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی دوای شەڕ بەکارهێناوە، هەر بۆیە وڵاتێکی وەك عێراق کە لەچەندین نەتەوە و پێکهاتەی مەزهەبی جیاواز پێکهاتووە و لە بنەڕەتدا پێویستی بە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی هەریەك لەو پێکهاتانەیە بۆ ئەوەی ناسنامەی هاوبەشی عێراقیبوونیان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بۆ دروست بێتەوە و ئەوکات پێکەوە بتوانن لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق بەشداری بکەن، ئەوا لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراق ئەم دوو پرۆسەیەی لە یەکتری جیانەکردۆتەوە و تەنیا پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقی ئەنجامداوە، ئەوا پرۆسەکە نەك لە عێراق بەڵکو لە زۆربەیاندا فەشەلی هێناوە.

ئەم پێشەکییە پێویست بوو بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لەگەڵ ئەوەی پرۆسەیەکی تەواوکاری پرۆسەی بونیادنان و بونیادنانەوەی دەوڵەتە، بەڵام دوو پرۆسەی لێکجیاوازن، ئەگەرچی لەوانەیە لە زۆر حاڵەتدا ئەم دوو پرۆسەیە پێکەوە دەست پێبکەن، یان یەك بەدوای ئەویدیکەیاندا بێت، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم پرسە جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی عێراق ئەوا تێبینی ئەم حاڵەتانە دەکەین:

١. لە عێراقی سەردەمی سەدام حوسێندا، دەوڵەت بریتی بووە لە تێکشکانی کەسێتی نەتەوەیی و مەزهەبی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، ئەمەش وایکرد کە کەمینەیەك لەنێو عەرەبی سوننە ئاراستەی دەوڵەت بەرەو ئەوە بەرن کۆمەڵکوژی و ئەنفال و کیمیاباران دژی کورد پیادەبکەن، کە ئامانج لێی سڕینەوەی بوونی نەتەوەی کورد بووە لە عێراقدا، بەرامبەر بە شیعەش کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوە ئامانج لێی سڕینەوەی ناسنامەی مەزهەبی شیعی بووە.

٢. ئەو واقیعەی دەوڵەتی عێراق پێمان دەڵێت دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق بەمجۆرە خۆیان بینیوەتەوە:

ا- کورد بەحوکمی ئەوەی لەماوەی ١٢ ساڵ لە ١٩٩١-٢٠٠٣ بەشێکی هەرێمی کوردستان خۆی حکومڕانی کردبوو، هەستی دوورکەوتنەوەی لە عێراق بەتەواوی تێدا دروست ببوو، بۆیە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لەسەر ئاستی میللی خۆی بە عێراقی نەدەزانی، لەسەر ئاستی سیاسیش مانەوە لە عێراق گرێدرایەوە بەمەرجی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی دەوڵەتی تازەی عێراق، ئەم دەوڵەتە تازەیەش بەو مەرجە لەلایەن کوردەوە قبووڵکرا، بەوەی دەبێت دەوڵەتێکی فیدرالی و پەرلەمانی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بێت.

ب- لایەنی عەرەبی شیعە وەك مەزهەبێکی سەرکوتکراو، وەك پێکهاتەیەك خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوە و کۆتایی هێنانی هەتایی بۆ حکومڕانی کەمینە ئامادە دەکرد، هەربۆیە لەسەر ئاستی میللی شیعیبوونی خۆی لە سەرکوتکردن و پەراوێز خستنی عەرەبی سوننە دەبینی لەسەر ئاستی سیاسیش رەنگدانەوەی ئەم هەستە میللیە هەبوو، بۆیە لایەنی شیعەش وەك پێکهاتەیەکی مەزهەبی گەورە پێویستی بەوە بوو دووبارە خۆی بونیادبنێتەوە، نەك خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوە و قۆرخکردنی دەسەڵات ئامادە بکات.

ج- عەرەبی سوننە بە حکومی ئەوەی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لایەنی حکومڕان بووە لەعێراق و لەماوەی حکومڕانیشدا هەردوو پێکهاتەی کورد و شیعەی پەراوێز خستبوو و حکومڕانییەکی سەرکوتکارانەی پیادە کردبوو، بۆیە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، وەك پێکهاتەی دۆڕاو لەنێو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق هاتە بەرچاو، ئەم لایەنە کە لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقی دوای سەدام حوسێن لە هەڵوەشانەوەی سوپا و یاسای ریشەکێشکردنی بەعس دەستی پێکرد، پێکهاتەی عەرەبی سوننەی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و مەزهەبی تێکشکان، ئەوجا لەبەر ئەوەی لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە فەرامۆشکرابوو، ئەوا لەبری ئەوەی عەرەبی سوننەی عێراق دووبارە ئامادە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە عێراقی نوێدا پێگەی خۆی وەربگرێتەوە، ئەوەبوو وەك کاردانەوە ناوچەکەیان بوو بە ناوچەی تیرۆریستان و لە عێراقدا بەتایبەتی لەبەشە عەرەبییەکەی عێراقدا سەقامگیری نەما، ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم واقیعە بەوجۆرەیە.

لێرەدا ئەگەر بە وردی سەرنج لە بارودۆخی عێراق لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو بدەین هەست دەکەین کە پشتگوێخستنی پرۆسەی بونیادی نەتەوە و دووبارە ئامادەکردنەوەی پێکهاتەی سوننە و شیعە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی تازەی عێراق بتوانن پێکەوە

بژین، بۆتە هۆکاری ئەوەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق بەتەواوی فەشەل بهێنێت و وەك لە ژمارەی رابردوو بیرمەندی عێراقی پرۆفیسۆر فالح عەبدولجەبار بە گوڵانی راگەیاند، ئێستا عێراق هیچ بنەمایەکی دەوڵەتی هاوچەرخی تێدا نییە، ئەمەش ئەو مەترسییەیە کە فۆکۆیاما لە کتێبی (بونیادنانەوەی دەوڵەت لەسەدەی بیست ویەك) ئاماژەی پێکردووە کە نەبوونی بنەمای هاوچەرخ لەدەوڵەتدا چ مەترسییەك لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دروست دەکات و پێکهاتەی نەتەوە لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێت.

## هەرێمی کوردستان
## وەك قەوارەیەکی پۆست کۆلۆنیاڵی

دەوڵەتی فاشیل پێکهاتەی نەتەوەیی و پێکهاتەی مەزهەبی لەبەر یەکهەڵدەوەشێنێت و تواناکانی نەتەوە پەرتەوازە دەکات بۆ ئەوەی بەردەوامی بە دەوڵەتە فاشیلەکە بدات، هەربۆیە هەرێمی کوردستان پێش راپەرینی ١٩٩١، خاکەکەی کرابووە دووبەش، بەشێکی قەدەغەکرابوو، بەشێکی دیکەشی کە ناوەندی شارە گەورەکان بوو، ببووە زیندانێکی گەورە و هاوولاتیانی کوردستانی تێدا دەستەمۆ کرابوو، هاوولاتیان بەشی هەرە زۆریان وەك هاوولاتی پلەدوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، بەشێکی کەمیش کە راستەوخۆ کاری لەگەڵ رژێم دەکرد، بەچاوی گومان سەیر دەکران، بۆیە هەرێمی کوردستان وەك خاکێکی داگیرکراو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و خەڵکەکەشی وەك داگیرکار سەیری دەوڵەتی عێراقیان دەکرد، ئەم رق و قینە کەڵەکەبووەی ناو ناخی کوردستانیانی هەرێم لە بەهاری ١٩٩١ تەقیەوە، بەڵام ئەم تەقینەوەیە تەنیا کەفوکوڵێکی کاتیی نەبوو، بەڵکو بریاردان بوو کە جارێکی دیکە لەژێر سایەی ئەو رژێمە و رژێمە هاوشێوەکانی وەك بەعس نەژی، ئەم پەیامەی کوردستانیانی باشور لە کۆڕەوەکەی نیسانی ١٩٩١ بە گوێی جیهان درا و جیهان ناچار بوو بریاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش پەسەند بکات و نەواوی ئارام لەسەرووی هێڵی ٣٦ بۆ کورد دابمەزرێنێت، کەواتە ئەگەر راپەرینی هەرێمی کوردستان بە بریاردان بۆ رەتکردنەوەی داگیرکاری و قبوڵنەکردنی ژیان لەژێر سایەی داگیرکاری لە قەڵەم بدەین، ئەوا زۆر جێگەی خۆیەتی ئەم هەرێمە وەك قەوارەیەکی پۆست کۆلۆنیاڵی هەڵوەستەی لەسەر بکەین و لەسەر ئەو خاڵانە رابوەستین کە چۆن داگیرکار هەوڵیداوە کەسێتیی هاوولاتیانی کوردستان وەك کەسێتیی نەتەوە تێکبشکێنێت، بەمجۆرە:

١. گرنگترین خاڵ کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەگشتی و شەخسی بەرێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی ئەوکاتی بەرەی کوردستانی لەگەڵ دەسپێکی راپەرین پێی لەسەر داگرت، ئەوەبوو کە کەسێتیی نەتەوە لەم پارچەیەدا و لەسایەی رژێمی داگیرکاری بەعس تێکشکاوە و پێویستی بەدووبارە بونیادنانەوە هەیە.

٢. هەنگاوی یەکەم بۆ پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لەم بەشەدا، بە ئاشتبوونەوەی کورد و کورد دەستی پێکرد، ئەویش دەرکردنی لێبووردنی گشتی بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پێشتر لەگەڵ رژێمی بەعس کاریان کردبوو، ئەم هەنگاوەی بەرەی کوردستانی رێگەی گرت لەدروستکردنی کێشەی لابەلا و تۆڵەسەندنەوە و بەهەدەردانی توانای نەتەوە، بەواتایەکی دیکە هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە یەکخستن و رێکخستنی تواناو ئیمکانییەتی نەتەوە و ئاراستەکردنی بوو بۆ ئامانجە گەورەکە.

٣. خاڵێکی دیکەی گرنگ کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەو قۆناخە مێژووییە زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ کرد، ئەوەبوو کە پرۆسەی بونیادی نەتەوەی وەك پرۆسەیەکی ناوخۆیی سەیر کرد و هەنگاوی بوێرانەی بۆ هەڵگرت، ئەم پرۆسە ناوخۆییەش بەگێڕانەوەی کەسێتی و سەروەری بۆ گەلی کوردستان دەستی پێکرد، کاتێك بەرێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە گەرمەی راپەرین داوای کرد دەبێت هەڵبژاردن بکرێت و هیچ حزبێکی سیاسی ئەو مافەی نییە سەربەخۆ وەك نوێنەری نەتەوە خۆی بسەپێنێت، ئەم هەنگاوە کە لە کاتێکدا گێڕانەوەی کەسێتی نەتەوەیی بوو بۆ گەلی کوردستان، لەهەمانکاتدا دەسپێکی پرۆسەیەکی هۆشیاری و ئاگایی نەتەوەیی بوو بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ قۆناخەکانی دیکەی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە هەڵبگیرێت.

٤. بەرەی کوردستانی هەوڵیدا لە چوارچێوەی فۆرمێکی تازە کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق چارەسەر بکات، بەڵام ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو نەبوو، لەئاکامدا حکومەتی عێراق دامودەزگا ئیدارییەکانیشی لە هەرێم کشاندەوە بۆ ئەوەی بۆشاییەکی ئیداری و یاسایی دروست بێت و ئەو پرۆسەی دەستی پێکردبوو رابوەستێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرەی کوردستانی بەرزترین دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی بوو لە کوردستان و بڕوای بەوە بوو ئەم پرۆسەیە سەربخات و هەروەها لەبەر ئەوەی هیچ دامەزراوەیەکی شەرعی دەوڵەتی لەکوردستان بوونی نەبوو، بۆیە ئەم دەسەڵاتە شۆڕشگێڕییە دوای ئەوەی پێشنیاری سەرۆك بارزانی

**خاڵێکی گرنگ کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە دەسپێکی راپەڕین زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ کرد، ئەوەبوو کە پرۆسەی بونیادی نەتەوەی وەک پرۆسەیەکی ناوخۆیی سەیر کرد و هەنگاوی بوێرانەی بۆ هەڵگرت**

**کاتێک بەڕێز مسعود بارزانی وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە گەرمەی راپەڕین داوای کرد دەبێت هەڵبژاردن بکرێت، دەسپێکی پرۆسەیەکی هۆشیاری و ئاگایی نەتەوەیی بوو بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ قۆناخەکانی دیکەی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە هەڵبگیرێت**



**دامەزراندنی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی تەنیا یەک مانگ لەدوای دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، واتە دامەزراندنی دوو دامەزراوەی گرنگ بۆ ناساندنی کەسێتیی نەتەوە بەشێوەیەکی یاسایی لەسەر ئاستی جیهان**

بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن پەسەندکرد، هەر خۆی دوو یاسای بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و ڕێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دەرکرد و بەپێی ئەو دوو یاسایە هەردوو هەڵبژاردنەکە لە **١٩٩٢/٥/١٩** ئەنجام درا، ئەمەش واتە لەماوەی چەند مانگێکدا زەمینە بۆ هەڵبژاردن و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییی و ئیدارییە هەڵگیرا و بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان پەرلەمان دامەزرا.

**٥.** دامەزراندنی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی تەنیا یەك مانگ لەدوای دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، واتە دامەزراندنی دوو دامەزراوەی گرنگ بۆ ناساندنی کەسێتی نەتەوە بەشێوەیەکی یاسایی لەسەر ئاستی جیهان، هەر ئەم پەرلەمان و حکومەتەش دوای تەنیا **٣** مانگ، بڕیاری فیدرالی پەسەند کرد، ئەم بڕیارەش لەبەر ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، وەك ئیرادەی نەتەوەیەك بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆی سەیر کرا.

**٦.** ئەگەر سەیری کۆی ئەم پرۆسە گرنگە بکەین کە هەمووی لەماوەی کەمتر لەیەك ساڵدا ئەنجامدراوە، ئەوا لەو پرۆسە نەتەوەییەش تێدەگەین کە ماوەی زیاتر لە **٢٢** ساڵە بەڕێز مسعود بارزانی هەنگاو لەدوای هەنگاو بەرەو پێشەوەی دەبات، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لای مسعود بارزانی پرۆسەیەکە گرێدراوی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتە، بەڵام ئەم دوو پرۆسەیە لای بارزانی دوو پرۆسەی جیاوازن، یەکەمیان کە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەیە پەیوەندی بە ئیرادەی ناوخۆیی نەتەوەوە هەیە و دەبێت ئەو ئیرادەیە دروستبکرێت، پرۆسەی دووەمیان کەپرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتە پەیوەندی بە فاکتەری نێودەوڵەتیەوە هەیە، بەڵام لە فیکری مسعود بارزانیدا ئەوەی ئیرادەی نەتەوە بڕیاری لەسەر دەدات لەهەموو بارودۆخ و فاکتەرێك گەورەترە و دەبێت ئەو بڕیارە بدرێت هەتا ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دانی



پێدانەنێت، هەروەك كە لە مانگی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمان بڕیاری فیدراڵی پەسەندكرد، نەك هەر كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڵكو لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش كە بەشێكیان لەكوردستان بارەگایان هەبوو، دانیان بەم بڕیارە نەدەنا، بەڵام وەك ئێستا دەبینین، ئێستا فیدراڵی بۆتە شتێكی سادە و رای گشتی كوردستان بیر لە هەنگاوی گەورەتر دەكاتەوە، بەڕێز مسعود بارزانیش بە هەموو جیهانی راگەیاندووە وەك سەرۆكی هەڵبژێردراوی گەلی كوردستان، گەلی كوردستان هەر بڕیارێك بدات ئەو پێوەی پابەند دەبێت و هەر ئەو بڕیارە جێبەجێ دەكات كە گەلی كوردستان دەیدات.

كەواتە ئەگەر لەم خاڵەوە راشكاوانەتر لەسەر بەرنامەی پرۆسە نەتەوەییەكەی مسعود بارزانی هەڵوەستە بكەین، ئەوا ئەو راستیە ئاشكرایە بۆچی بۆچوونەكان بۆ دژایەتی ئەم هەوڵە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە یەكدەگرنەوە و لەیەك كاتدا هێرش دەكرێتە سەر شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی، بۆ ئەوەی بەدگومانی لەپێكەوە گرێدانەوەی دروست نەبێت، لەوانەی هۆكاری دژایەتی بەرنامە نەتەوەیەكەی بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە جیاوازی هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دژایەتیكردنی هەوڵەكانی بارزانی دەچێتە خانەی دژایەتیكردنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەوە، ئەوا هۆكارەكان جیاوازیش بن، سەرەنجام خزمەت بەیەك ئامانج دەكات، كە ئەویش راگرتنی ئەم بەرنامە و پرۆسە نەتەوەییە، لێرەدا ئاماژە بە هۆكارە ناوخۆیی و دەرەكیەكان دەكەین لە دژایەتیكردنی پرۆسەی بونیادی نەتەوە لە هەرێمی كوردستاندا كە ئێستا خەریكە بەرنامەكەی بارزانی بە ئاستێك فراوان دەبێت و دەبێتە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە هەر چوارپارچەی كوردستاندا:

- بەڕێز مسعود بارزانی لەیەكەم هەڵبژاردنی راستەوخۆ لەلایەن گەلی كوردستانەوە كە بۆ سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئەنجامدراوە، ٧٠٪ی گەلی كوردستان دەنگی پێداوە، ئەمەش مانای ئەوەیە كەسایەتیی مسعود بارزانی توانای ئەوەی هەیە كە زۆرینەی زۆری خەڵكی كوردستان لەدەوری ئەو بەرنامە نەتەوەییە كۆبكاتەوە كە ئەو هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخانكردووە، ئەم متمانەی گەلی كوردستان بەشەخسی مسعود بارزانی وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەم قۆناخە هەستیارەی نەتەوەی كورد و ئەو هەڵوێستانەی بارزانی كە بەردەوام پێوەی پابەندە بەوەی گەلی كوردستان چ بڕیارێك بدات ئەوە جێبەجێ دەكات، لەروانگەی بەرژەوەندیی تەسكی حزبایەتییەوە بە گۆڕینی هاوسەنگی هێز دەخوێنرێتەوە، بۆیە زۆر ململانێی سیاسیی حزبەكان لەم روانگەیەوە دەبێتە دژایەتیكردنی ئەو بەرنامە نەتەوەییەو تەنانەت بۆ سەركردنی ئیرادەی نەتەوەییمان بۆ بڕیاردانی چارەنووس، دامەزراندنی دەوڵەت بۆ كوردستان رەتدەكەنەوە، ئەمە لەكاتێكدا ئەگەر گەلی كوردستان ئەو بڕیارە بدات، جیهانی سەدەی بیست و یەك ئەگەر ماوەیەكیش رەتیبكاتەوە سەرەنجام رازی دەبێت رێز لە ئیرادەی گەلی كوردستان بگرێت.
- دژایەتیە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەكان بۆ هەوڵەكانی مسعود بارزانی، وردتر و زیرەكانەترە، لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە كە خاوەنی ئەزموونێكی درێژن لە دەوڵەتداری و دروستبوونی دەوڵەتدا، باش دەزانن هەوڵەكانی مسعود بارزانی بۆ ناساندنی كەسێتی نەتەوەی كورد لە چوارچێوەی دامەزراوەی شەرعی نێودەوڵەتیدا هەنگاو بەرەو كوێ هەڵدەگرێت و باش دەزانن كە بەتەواو بوونی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، وەك نەتەوەیەكی هاوچەرخی خاوەنی گەل و خاك، جیهان ناچار دەبێت

**كەسایەتیی مسعود بارزانی توانای ئەوەی هەیە كە زۆرینەی زۆری خەڵكی كوردستان لەدەوری ئەو بەرنامە نەتەوەییە كۆبكاتەوە كە ئەو هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخانكردووە**

**دژایەتیە هەرێمایەتیەكان و نێودەوڵەتیەكان بۆ هەوڵەكانی مسعود بارزانی، باش دەزانن بەتەواو بوونی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، وەك نەتەوەیەكی هاوچەرخی خاوەنی گەل و خاك، جیهان ناچار دەبێت دان بە دەوڵەتی كوردستاندا بنێن**

**لەگەڵ دەسپێکی رابوونی کوردانی رۆژئاوا بەڕێز مسعود بارزانی هەوڵیدا لە چوارچێوەی هێڵە گشتیەکانی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە، هاوکاریی هەموو هێزە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان بکەن و تواناو ئیمکانییەتی نەتەوەیی لەو پارچەیە یەکبخرێت و ئاراستەی ئامانجە سەرەکیەکە بکرێت کە بەدەستهێنانی مافی کوردە لەو بەشەدا**

دان بەو دەوڵەتەدا بنێـــت، بۆیە ئەم هەوڵە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیانە زۆر پەنا بۆ شــەڕی بەوەکالەت دەبەن، یان ئەجینداى خۆیـــان تێکەڵ بە ئەجینداى ململانێی سیاسیی ناوخۆیی دەکەن و دەیکەنە گوشار بۆ ئەوەی دژایەتیە هەرێمایەتـــی و نێودەوڵەتییەکە وەك دژایەتی ناوخۆیی بۆ پرۆسە نەتەوەییەکە دەربکەوێت.

## رۆژئاوای کوردستان و مەترسی ئەقڵی تۆتالیتاری لەسەر پرۆسەی نەتەوە

لەگەڵ ئەوەی هەر پارچەیەکی کوردســـتان بەهۆی ئەو دابەشـــکردنە مێژووییەی بەسەریدا هاتووە، هەر یەکەیان تایبەتمەنـــدی خۆی هەیە، بەڵام لەپرۆســـەی بونیادی نەتەوە رەهەندە گشـــتیەکان یەکدەگرنەوە و دەکرێت بنەما گشتیەکانی بونیادنانەوەی نەتەوە زوو هەستی پێبکرێت و رەچـــاو بکرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر پرۆســـەی بونیادنانەوەی نەتەوە بۆ کورد وەك نموونە وەربگرین، ئەوا لە ئێســـتادا نموونەیەك نییە هەتا بڵێین بارودۆخی فلان نەتـــەوە لەبارودۆخی کورد وەك نەتەوەیەکی دابەشـــکراو بەســـەر چوار دەوڵەتدا دەچێت، بۆیە لەم خاڵەدا گرنگە ئەزموونـــی پرۆســـەی بونیادنانی نەتـــەوە لە هەرێمی کوردســـتان بەهەموو خاڵە ئەرێنـــی و نەرێنییەکانییەوە بکرێتە بنەما و کاتێك بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستان ســـوودی لێوەردەگیرێـــت، گرنگە لایەنـــە ئەرێنییەکان دەوڵەمەندتر بکرێن و لایەنە نەرێنییەکان چارەسەر بکرێن، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان و لەمیانەی ئەو پرۆسەیەی لە ٢٢ ساڵی رابردوو دەستی پێکردووە راســـتە کۆمەڵێك لایەنی باش و دەســـکەوتی گرنگ بەدەســـت هاتوون، بەڵام لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك هەڵە و کەموکورتی زەقیش روویانداوە کە دەکرا روونەدەن، لەسەروو هەموویانەوە شەڕی ناوخۆیی هەرێم کە شەڕی دەسەڵات بووە. ئەم لایەنەش کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بە گەورەترین کەموکورتی دادەنرێت، هەموو کات هەوڵیداوە نە لەباشور نە لەهیچ پارچەیەکی دیکەی کوردســـتان دووبارە بێتەوە، هەربۆیە لەگەڵ دەســـپێکی رابوونی کوردانی رۆژئاوا بەڕێز مسعود بارزانی هەوڵیدا لە چوارچێوەی هێڵە گشتیەکانی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە، هاوکاری هەموو هێزە سیاســـییەکانی رۆژئاوای کوردســـتان بکەن و تواناو ئیمکانییەتـــی نەتەوەیی لەو پارچەیە یەکبخرێت و ئاراســـتەی ئامانجە ســـەرەکیەکە بکرێت کە بەدەستهێنانی مافی کوردە لەو بەشەدا.

ئەوەی لێرەدا مەبەســـتە ئاماژەی پێبکەین و هەڵوەستەی لەســـەر بکەین، کێشـــمە کێش و رەتکردنەوەی نێو لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا نییە، هەروەها مەبەستی سەرەکیش ئـــەو دژایەتیە نییە کە لایەنێکـــی وەك پەیەدە دژایەتی ســـەرۆك بارزانی و پارتـــی دیموکراتی کوردســـتانی پێدەکات، بەڵکو مەبەستی سەرەکیی خوێندنەوەی واقیعی کوردســـتانی رۆژئاوایە کە بەدەســـتی رژێمی بەعسی ســـوریا و رژێمی ئەســـەدەوە چۆن هەیکەلی نەتەوەیی وەك کوردبوون لەو بەشـــە تێکشـــکاوە، بۆیە هێندەی ئەم خوێندنەوەیە هەڵوەستەکردنە لەسەر بینینی کێشەکە وەك خۆی، هەڵوەســـتەکردن نییە بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی ساسیی دژ بەلایەنێکی دیاریکراو، هەر بۆ نموونە:

١. بـــاری کوردانـــی رۆژئاوا لە ژێر ســـایەی رژێمی بەعسی سوریا، لەهەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان خراپترە، لەبەر ئەوەی رژێمی ئەســـەد و بەعس، تەنانەت بـــە بەعەرەبکردنـــی کوردانـــی ســـوریاش رازی نین و رەگەزنامەی ســـوورییان وەك هاووڵاتی عەرەبیش پێنادا، ئەمەش مانای ئەوەیە رژێمی ســـوریا ئەســـڵەن هەر دان بەوەدا نانێت کوردانی سوریا هاووڵاتی ئەو وڵاتە بن.

٢. کوردانـــی رۆژئاوا لەژێر ســـایەی رژێمی ئەســـەد نەك مافی هاووڵاتیبوون بەڵکو مافی مرۆڤیشـــیان پێ رەوانەبینراوە، هەر بۆ نموونە کەسێك لەوڵاتێکی بیانی با هاووڵاتـــی ئەو وڵاتەش نەبێت، رێگەی ئەوەی پێدەدرێت بەزمانی خۆی بخوێنێت یان بەزمانی خۆی رای خۆی دەرببڕێت، بەڵام لەسوریا ئەمەش بە کورد رەوا نەبینراوە.

٣. رژێمی ئەســـەد کوردســـتانی رۆژئـــاوای لەرووی جوگرافیەوە لەیەکتری دابڕیـــوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ناوچـــە کوردییـــەکان بـــەزۆر لێکدابـــڕاون، ئەمەش لە پێناوی ئەوەبووە یەکەی خاکی کوردانی رۆژئاوا پێکەوە گرێنەداتەوە.

٤. لـــە رۆژئـــاوای کوردســـتان زمانی کـــوردی تەنیا زمانی نێو ماڵەکان بووە و لەدەرەوەی ماڵەکان لە شـــوێنە گشتییەکان رێگەی پێنەدراوە، تەنانەت هەستی شۆڤینی لای عەرەبی ســـوریا بەو ئاســـتە بووە کە نەیانویستووە، تیپێکـــی فتبۆڵێنیان هەبێت کە بڵێن ئـــەم تیپە تیپێکی کوردییە.

لەنێو ئەم واقیعەدا بارودۆخێك هاتۆتە پێشـــەوە، رژێمی ئەسەد هێزەکانی خۆی لەبەشـــێکی رۆژئاوا کێشاوەتەوە و وەك ئەمری واقیع هێـــزە کوردییەکان بەڕێوەی دەبەن، لەنێو ئەم واقیعەدا پرســـیار ئەوەیە ئایا چۆن ســـوود لەم هەلە مێژووییە وەردەگیرێت و چۆن پرۆسەی سەلماندنی مافەکانی کورد و پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لەو بەشەش دەســـت پێدەکات و ئاســـەوارە خراپەکانی سیاسەتی رژێم لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دەسڕێتەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویســـتی بە بیرکردنەوەیەکی نەتەوەییانە هەیە و لەمەش گرنگتر دەبێت هەڵوێســـتی حزبە سیاسییەکان لەچوارچێوەی ئەو بیرکردنەوە نەتەوەییە هەڵبسەنگێنرێت،

**بۆ سڕینەوەی ئاسەواری خراپی سیاسەتی بەعس لەسەر هەیکەلی نەتەوەیی کورد لە رۆژئاوا، پێویستە هەموو تواناکانی نەتەوە رێکبخرێت و سەرلەنوێ کەسایەتیی تاکی کورد لەگەڵ خاکدا پێناسە بکرێتەوە**



نـــەك بیركردنەوە نەتەوەییەكـــە بەحزبی بكرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیە كە هەڵســـەنگاندن دەكەین، ئەوە خوێندنەوە نەتەوەییەكەیە هەڵوێســـتەكان دیـــاری دەكات نەك حزبە سیاســـییەكان، بۆیە ئەو خاڵانە دیـــاری دەكەین كە ئەو بارودۆخە پێویستی پێیەتی:

١. ئـــەو بارودۆخەی ئێســـتای رۆژئاوای كوردســـتان، بارودۆخێكە كە چەندین حزبی سیاســـی بوونیان هەیە، بۆیە بیركردنـــەوەی نەتەوەیی وادەخوازێـــت كە لەلایەن هەموو هێزە سیاسییەكانەوە یەكتری قبووڵكردن هەبێت.

٢. كێشـــەی ســـەرەكی لایەنە سیاســـییەكان جیاوازی بۆچوونی سیاســـییە، بۆیە جیاوازی بۆچوونی سیاسی كێشەی لاوەكییە و كێشە سەرەكیەكە لەگەڵ ئەو رژێمەیە كە چەندین ساڵە كوردی لەهەموو مافێك بێبەشكردووە و تەنانەت مافی هاووڵاتیبوونی پێ رەوا نەبینیوە.

٣. بۆ سڕینەوەی ئاســـەواری خراپی سیاسەتی بەعس لەســـەر هەیكەلی نەتەوەیی كورد لە رۆژئاوا، پێویســـتە هەمـــوو تواناكانی نەتـــەوە رێكبخرێت و ســـەرلەنوێ كەسایەتیی تاكی كورد لەگەڵ خاكدا پێناسە بكرێتەوە، ئەمەش جۆرێك لە متمانە و هۆشیاریی نەتەوەیی دروست دەكاتەوە بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورەتر هەڵبگیرێت.

٤. هەوڵـــدان بۆ دامەزراندنەوەی هەیكەلی دامەزراوەكان بەرێگەی گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ گەل و هەڵبژاردن، بـــۆ ئـــەوەی شـــەرعیەتی شۆڕشـــگێڕی بگۆڕێت بۆ شەرعیەتی یاسایی و دەستووری.

٥. هەوڵدان بـــۆ ئەوەی گوتاری حـــزب بكەوێتە خوار گوتـــاری نەتەوە و، حزب خۆی لەجێی نەتەوە پێناســـە نەكات، بەڵكو هەموو حزبەكان پێكەوە لەرێگەی نەتەوەوە نوێنەرایەتی ئەم قۆناخە بكەن.

ئەم خاڵانە كە هەموویان لـــە چوارچێوەی بیركردنەوەی نەتەوەیی خاڵی سادەن و هەموو كەس هەستیان پێدەكات، ناوەرۆكـــی هەموو ئەو وتوویژ و قســـانە چڕدەكاتەوە كە لەسەر رۆژئاوای كوردستان دەكرێت و هەرێمی كوردستان و شەخسی سەرۆك بارزانیش ئامادەیی هەموو هاوكارییەكی دەربڕیوە بۆ ئەوەی ئەم هەلە لەدەست نەچێت و هەوڵەكان یەكبخرێت بۆ ئەوەی لەو بەشەی كوردستانیش هەنگاوێك بچینە پێشەوە، لەبەرامبەر ئەمەدا لایەنێكی سیاسی وەك پەیەدە هەموو ئەم بنەما نەتەوەییانەی وەلا ناوە و دەیەوێت چوارچێوەی ئایدۆلۆژیەتی خۆی بكات بە چوارچێوەی بیركردنـــەوەی نەتەوەییمان، لەم حاڵەتەشـــدا جیا لەوەی ئەو هەلەی بۆ رۆژئاوا هاتۆتە پێشـــەوە لەدەست دەچێت، لەهەمانكاتدا پرۆســـەی بونیادنانـــەوەی نەتەوەش زۆر دوادەكەوێت.

**بەهجەت بەشیر** نوێنەری حزبی دیموکراتی کورد لە سوریا(البارتی) بۆ گوڵان:

# پەیەدە ئەجێندای تایبەتیی خۆی هەیە و نایەوێت لەگەڵ ئەنجوومەنی



**بارودۆخی سوریا هێندە ئاڵۆز بووە نازانرێت ئاراستەکەی بەرەو کوێ دەچێت، لەم نێوەندەشدا خەریکە دۆزی کوردی رۆژئاواش لەناو ئەو ئاڵۆزییە تێکەڵ دەبێت، سەبارەت بەبارودۆخی سوریا بەگشتی و هەڵوێستی لایەنەکان لەسەر ئەم پرسە، بەهجەت بەشیر نوێنەری حزبی دیموکراتی کورد لەسوریا بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی دەربڕی:**

دوای نزیکەی سێ ساڵ شۆڕشی سوریا بە ئاراستەیەکی دیکە دەبرێت و خەریکە ئامانجەکانی خۆی ناپێکێت، چونکە واتاکەی لەدەستداوەو بۆتە شەڕی تایفی لە وڵاتدا، ئەوە بێجگە لە دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی، لەو ماوەیەدا لە سوریا ژمارەی کوژراون لە ١٣٠ هەزار کەس رەتی کردووە و رژێمیش کوژراوی زۆری هەیە، ئەمە وێڕای بریندار بوونی هەزاران هاووڵاتی و بە سەدانی دیکەی دەستگیرکراو و زیندانی کە لە بەندیخانەکانی رژێمدان، لەدەرەوەی سوریاش ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییە بەدی ناکرێت کە خزمەت بە پرۆسەکە بکات، هاوکات ئۆپۆزسیۆنی سوریاش نەیتوانیوە ئەو رۆڵە بگێڕێت کە لەجیهاندا خۆی بە تاکە نوێنەری گەلی سوریا لەقەڵەم بدات، چونکە پەرت و بڵاوەو یەکگرتوو نییە، لەهەمان کاتدا هیچ جۆرە هەماهەنگییەك نییە لە نێوان ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەو ناوخۆی وڵات، سەبارەت بە ئێمەی کوردیش لە رۆژئاوا هەروەك دەزانن رژێمی سوریا سیاسەتی سڕینەوەو نکۆڵی کردن لە بوونی کورد پیادە دەکات و دان بە زمان و کلتووری میللەتی کورددا نانێت، بۆیە ئەم شۆڕشە دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ کورد لە رۆژئاوا تاکو بوونی خۆی بسەلمێنێت چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە لە وڵاتانی ئیقلیمی و جیهاندا، تاکو بۆ هەموولایەك بخاتەڕوو کە لە رۆژئاوا پتر لە سێ ملیۆن هاووڵاتی کورد هەیە کە خاوەن مێژوو و جوگرافیاو کلتوری خۆیەتی، بەڵام لەلایەن دڕندەترین رژێم ساڵەهای ساڵە ستەمی لێ دەکرێت و دەچەوسێنرێتەوە، سەبارەت بە بزاڤی شۆڕشگێڕیی کوردیش خۆشبەختانە دەستمان بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان کردووە و بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی نیشتمانی کوردمان دامەزراند، ئەم ئەنجومەنە ١٤ حزبی سیاسی و دەیان چالاکوانی مەدەنی لە گەنج و ئافرەت و کەسایەتیی رۆشنبیر لەخۆدەگرێت، برادەرانی پەیەدەش ئەنجومەنێکیان بۆ خۆیان دروستکرد، پەیوەندیشمان باش بوو بەپێی رێکەوتنی هەولێر کە بە چاودێریی رێزدار سەرۆك بارزانی هاتەئاراوە، هەنگاوێك و دەستکەوتێکی گەلێك

**هۆشەنگ دەروێش** نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردی سوریا بۆ گوڵان:

# دەبێت کێشە لاوەکیەکان وەلانێین و جەخت لەسەر کێشە




سەبارەت بەو بارودۆخە هەستیارەی ئێستا لە رۆژئاوای کوردستان هاتۆتە ئاراوە و گرنگی سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە، هۆشەنگ دەروێش نوێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا بەمجۆرە لەسەر ئەو بارودۆخە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

((ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستا لە سوریا و ناوچەکەو جیهان روودەدەن دەرفەتێکی زێڕینە بۆکورد بە تایبەتیش ئەوەی بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە لەو قۆناغەدا تەنیا ئەو دەرفەتەیە بۆ یەکخستنی ریزەکانمان و رێکخستنی ماڵی کورد، هەروەها گوتارو داواکانی کوردو هەڵوێستەکانی دیارو روون و یەکگرتوو بن، ئێستا ئەنجومەنی نیشتمانی کورد پێداگریی دەکات لەسەر ناسەنتراڵییەت یان فیدرالی وەك مەرج بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی، بەڵام ئەو ئەنجومەنە ناتوانێت نوێنەرایەتیی هەموو لایەنەکان بکات، چونکە زۆر هێزو لایەنی دیکەی سیاسی هەن کە راوبۆچوونی دیکەیان هەیە، کە دەڵێن مەرج نییە فیدرالی بێت، بەڵکو دەیانەوێت رەزامەندییەکی نێودەوڵەتی یان ئیقلیمی بێت کە پێکهاتەکانی گەلی سوریا لە کورد و عەرەب و مەسیحی و عەلەوی و لایەنی دیکە تا چەند لەگەڵ مافەکانی کوردبن، بۆیە بۆ بەدیهێنانی خەونی چەندین ساڵەی کورد و مافە رەواکانی ئەوە ئاواتی هەموومانە، هەر لەبەر ئەوە وا پێویست دەکات کە هێز و لایەنەکان سەرجەم توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ یەکخستنی ریزەکانیان و دەست بکەن بە خۆرێکخستنەوە لە رووی ئیداری و سیاسی ئەویش بە پێکهێنانی ئیدارەو شارەوانی و دامودەزگاکانیان و هەموو ناکۆکییەکانیان بەلاوەبنێن. هەریەکە دەیەوێت خۆی زیاتر بەهێزو دەسەڵاتدار بکات، سەبارەت بە پەیەدە ئەویش بەرامبەر ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بەردەوامە لە ململانێ و دەسەڵات پەیداکردن لەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵیان دەکات، بەڵام نەبوونی هاوسەنگیی نێوان لایەنەکانی دیکە و پەیەدە ئەم دیاردەیە بە قازانجی پەیەدەیە لەو قۆناغەدا، بۆیە دیسان ئەو خاڵە دووپات

**غەریب حەسۆ**
**نوێنەری حزبی ئاییندەی کورد لە سوریا**
**بۆ گوڵان:**

# ڕێککەوتنی هەولێر بەرنامەیەکی گرنگ بوو بۆ یەکڕیزیی کورد لەڕۆژئاوا، بەڵام پەیەدە پێوەی پابەند نەبوو



**ئەو بارودۆخەی ئێستا ڕۆژئاوای کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت بارودۆخێکی هەستیار و ئاڵۆزە و لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە یەکڕیزیی لایەنە کوردییەکان هەیە بۆ ئەوەی خەونی چەند ساڵەی کورد لەو پارچەیە بێتە دی ، سەبارەت بەم لایەنە غەریب حەسۆ نوێنەری حزبی ئاییندەی کورد لەسوریا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((قۆناغی ئێستا بۆ کورد زۆر هەستیارە، بەڵام هەروەکو دەزانن کە کورد لە ڕۆژئاوا لەڕووی سیاسی و پەیوەندیی دەرەکی و ڕێکخستنەوە زۆر شارەزا نییەو لەم بارەوە ئەزموونی پێشتری نییە، بۆیە وا بەلاوازیی دەردەکەوێت، هەرلەبەرئەوە وا پێویست دەکات کورد لەیەك بەرەدا کۆببنەوە، چونکە بە تێکڕا دەتوانن ئەو داوا ڕەوایانەی میللەتەکەمان بەدی بهێنین، دیارە چ پەیەدە یان پەکەکە بۆچوونی خۆیان و یەك ئەجندایان هەیە، کە ئەمەش وا دەخوازێت گفتوگۆ و دانووستان لە نێوان هەموو لایەنەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام هەروەکو دەزانن کە ڕێککەوتنی هەولێر بەرنامەیەکی گرنگ بوو کە هەموو لایەك پێوەی پابەندبانایە و خاڵەکانیان جێبەجێ بکردایە. بەڵام پەیەدە پێوەی پابەند نەبوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جارێکی دیکە کورد ناگەڕێتەوە قۆناغی ستەملێکراوی و تاریکی و دواکەوتن، ئەو ماوەیە هەموومان نەبووینەتە یەك حزبی سیاسی تاکو بەیەك دەنگ کار بۆ مافەکانمان بکەین، بەڵام با راوبۆچوونی جیاوازمان هەبێت کە وا پێویست دەکات بە گوتارێکی یەکگرتوو مامەڵە لەگەڵ هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین)).

## نیشتمانی کورد مامەڵە بکات

گەورە بوو بۆ ئێمەی کوردی ڕۆژئاوا، بەڵام بەداخەوە برادەرانی پەیەدە خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنەیان جێبەجێ نەکردو پێوەی پابەند نەبوون کە دواتر ناکۆکی و ململانێی بەدواداهات، سەبارەت بە هەڵوێستی پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ ئێمە مایەی شانازییە کە سوپاسی پشتیوانی و هەڵوێستی بەرزی جەنابی سەرۆك بارزانی بکەین هەروەها ڕۆڵی پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرجەم حزب ولایەنەکانی دیکەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بزاڤی شۆڕشگێڕی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان. بە تایبەتیش کە بەهەزاران کوردی ئێمە ئێستا لە باشووری کوردستان نیشتەجێن، بەڵام جەنابی سەرۆك رازی نەبوو کە بە ئاوارە ناوبنرێن بەڵکو فەرمووی کە ئەوانە لە وڵات و خاکی خۆیان دەژین، سەبارەت بە خۆشمان لە ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بڕیارمانداوە بە هیچ شێوەیەك گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی سوریا نەکەین، تەنیا ئەوە نەبێت ئەگەر هەموو لایەنەکانی بزاڤی کورد دیالۆگی لەگەڵدا بکات، ئەو کاتە ئێمەش دەبینە بەشێك لەلایەنی گفتوگۆکار، چونکە نابێت بە تەنیا لایەنێك ئەم کارە ئەنجام بدات کە ئەوە دژی بەرژەوەندییەکانی میللەتی کوردە.

## سەرەکییەکە بکەینەوە

دەکەمەوە کە بنەمای ئەو پرسە بریتییە لە ململانێ مادامەکی ئەو ململانێیە هەبێت ئەو رکابەرییەش هەر پەرەدەسەنێت، لەم قۆناخەدا زۆر گرنگ بوو کۆنگرەی نەتەوەیی گرێبدرێت من ئەو کۆنگرەیە بە خەون و ئاواتێکی گەورە بۆ کورد دادەنێم، بۆیە دەبوایە گوێ بە پەکەکە یان پەیەدە یان لایەنێکی دیکە نەدرابایەو پێویست بوو هەر ببەسترایە، چونکە ئەم قۆناغە قۆناغی یەکگرتن و یەکبوونی گوتار و سیاسەتی کوردو ڕێکخستنی لایەنەکانە، بەداخەوە نەبەستنی کۆنگرەکە زیانێکی زۆری بە کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان گەیاند، چونکە دەبینین کە کوردستانی عێراق ئازاد بووەو بۆتە خاوەن فیدرالییەت و کوردستانی ڕۆژئاواش هەنگاو بۆ ئەم ئازادییە دەهاوێژێت و لە تورکیاش پرۆسەی ئاشتی بەڕێوەیە و لە ڕۆژهەڵاتیش بەهەمان شێوە هەوڵی بۆ دەدرێت بە بەستنی ئەم کۆنگرەیە دەرفەتی دیکە بۆ کورد لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێودەوڵەتی دەهاتە ئاراوە.)).



کاروان ئاکرەیی بۆ گوڵان:

**هەر حزبێکی سیاسی خۆی بە خاوەنی بەرنامەی نەتەوەیی بزانێت دەبێت واقیعی فرەیی سیاسی کوردستان قبوڵ بکات**

# پەیەدە ئەم واقیعە قبوڵ ناکات بۆیە گومان لەسەر بەرنامە نەتەوەییەکەی هەیە



**کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە بەشێك لەو گۆڕانکارییانەی هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوە، لەنێو ئەم گۆڕانکاریانەشدا بیرکردنەوە لەسەر ئاستی نەتەوەو هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادنانی نەتەوەو سڕینەوەی ئاسەواری داگیرکاری لەسەر هزری تاکەکانی نەتەوە، بۆتە پێویستیەکی ئەم قۆناخە، لەهەمان کاتدا تێڕوانین و دیدی سیاسی جیاواز بۆ سەیرکردنی ئەم پرسە هاتۆتە ئاراوەو لە روانگەی جیاوازەوە سەیر دەکرێت، بۆیە لەنێو ئەم گێژاوە فیکری و سیاسییەدا چەندین پرسیار رووبەڕوومان دەبێتەوە، ئایا ئێمە لەم قۆناخە چەند پێویستە بیرکردنەوەمان نەتەوەییانە بێت؟ ئایا چۆن لەم قۆناخەدا هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئاستی پارچەیەك و پاشان هەموو پارچەکان پێکەوە لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی کۆدەبنەوە؟ ئەو خاڵە لاوازانە چین کە لەبیرکردنەوەی نەتەوەییمان بەدی دەکرێت و تواناو وزەی نەتەوە پەرتەوازە دەکات؟ ئایا چۆن دەکرێت لەم قۆناخە هەست بەوە بکەین حزب بەتەنیا نابێتە نوێنەری نەتەوەو پێویستە هەموو حزبە سیاسییەکان لەژێر چەتری بیرکردنەوەی نەتەوەیی کۆببنەوە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە بەرەو ئەوەمان دەبات چۆن هەنگاو هەڵبگرین بۆ پرۆسەی بونیادی نەتەوە و هەوڵدان بۆ پێکەوە گرێدانەوەی نەتەوەو خاك پێکەوە، بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە گرنگە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ سیاسەتمەدار و رۆشنبیر کاروان ئاکرەیی ئەنجامدا، ئاکرەیی لەمیانەی ئەم وتووێژەدا راشکاوانە دەستی خستۆتە سەر خاڵە لاوازەکانی بیرکردنەوەی نەتەوەییمان و هەروەها شێوازی ململانێی سیاسی حزبەکان کە بۆتە هۆکاری ئەوەی فۆرمی نەتەوە لەناو حزبدا بچووك بکاتەوە، ئەمەشی وەك سەرەکیترین کێشەی بیرکردنەوەی نەتەوەییمان دەستنیشان کردووە، ئەمەی خوارەوە دەقی وتووێژەکەی گوڵانە لەگەڵ کاروان ئاکرەیی.**

**گوڵان:** هەموو نەتەوەیەك لە قۆناخێکی مێژووییدا پێویستی بە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەیی خۆی هەیە، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی نەتەوەییانە هەیە بۆ ئەوەی لەدوای قۆناخی کۆلۆنیالی ناسنامەی نەتەوەو خاك پێکەوە پێناسە بکاتەوە، بۆ نەتەوەی کورد ئێستا ئەو قۆناخە دەستی پێکردووە، بەڵام هەست دەکرێت هەندێك لاوازی لە بیرکردنەوەی نەتەوەییمان هەیە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی سیمای پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە وەك خۆی دەرنەکەوێت، ئایا بە رای تۆ ئەو خاڵە لاوازانە چین؟

**کاروان ئاکرەیی:** پێش هەموو شت خاڵی سەرەکی لاواز لە بیرکردنەوەی نەتەوەییمان، شێوازی ئەو ململانێ سیاسییەیە کە لەنێو حزبەکانی کوردستاندا هەیە، لەبەر ئەوەی لەنێو ئەم ململانێیەدا بەشێکی بچووکی هەوڵدانە بۆ دارشتنی فۆرمێکی نەتەوەیی کە بکەوێتە سەرووی حزبە سیاسییەکانەوە، بەپێچەوانەوە هەوڵێکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی نەتەوەو خەسڵەتەکانی نەتەوە، زیاتر لەخودی حزبدا ببینێتەوەو حزب بکات بە جێگرەوەی نەتەوە، ئەمە یەکێکە لەسەرەکیترین کێشەی بیرکردنەوەی ئێمە لە چوارچێوەی نەتەوەدا، لەوانەیە ئەم بیرکردنەوەیە یەکێك لە هۆکارەکانی ئاکامی ئەو دابەشبوونە بێت کە بەسەر کوردستاندا هاتووە، بەڵام تائێستا ئەو ململانێ سیاسییەی لەنێوان حزبەکاندا هەیە، زیاتر بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیانە وەك حزب نەك تێڕوانینی نەتەوەیی، پرسیار لێرەدا ئایا کێ دەتوانێت ئێمە لەو چوارچێوەیە دەربکات بەوەی حزبێك بە کردەوەو بە ئامانج و گوتار خواستی نەتەوەیی و بوونێکی نەتەوەیی دەرببڕێت، کە هەوڵبدات هاوکێشەکە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە نەك هەوڵبدات سیاسیانە سەیری کێشەکە بکات و خەڵك بۆ لای خۆی رابکێشێت، بەڵکو ئارەزوومەندانە خەڵك روو لەو حزبە بکات و ئەو قەناعەتەی لادروست بووبێت کە ئەو حزبە حزبی نەتەوەییە، حزبی فۆرلەمەکردنی نەتەوەو پێگەیاندنی کەسایەتی نەتەوەییە، لەوانەیە حزبێك خۆی ئەمە لە خۆیدا ببینێت، بەڵام لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە خەڵك ئاسۆی بەردەمی حزبەکە بەوشێوەیە ببینێت و لە رێی ئەو حزبەوە سوود لە هەموو پێکهاتەو ئیمکانیەتی نەتەوە وەربگیرێت، هەر بۆ نموونە پرسی ژن کە ئێستا باس دەکرێت، گرنگە سوود لە تواناو ئیمکانیەتی ژن وەك پێویست وەربگیرێت لەبەر ئەوەی ژن سەرمایەیەکی نەتەوەییە، بۆیە کاتێك ژن پەراوێز دەخرێت دیارە هەندێك شتی سیاسیی بەرتەسك لای ئەم حزبە یان ئەو حزبە دروست بووە، کە ناتوانێت لەپێناوی بەرژەوەندی حزبیی سوود لە دەوڵەمەندی ئیمکانیەتی نەتەوە وەربگرێت و مەودایەکی باش بۆ ئافرەت بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا رۆڵی خۆی وەك پێویست بگێڕێت، ئەمە بۆ هەموو لایەنەکانی دیکەی گەنجان و لاوان و قوتابیان و تێکڕای چین و

تویژەکانی کۆمەڵگە و کۆی داب و نەریت و داهێنانی تاکانی کۆمەڵگەش بە هەمان شێوەیەو پێویستە هەموو ئیمکانیەتەکان کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی توانای راستەقینەی نەتەوە بەرجەستە بێتەوە، بەداخەوە دەتوانم بڵێم ئەم بوارانە لە کوردستان تارادەیەکی زۆر بە حزبی و سیاسیی کراون، ئاکامەکەشی ئەوەبووە کە ئیمکانیەتی نەتەوە پەرت و بڵاو بووەو نەبۆتە ئەو هێزە ماددیەی کە بەرجەستەی توانای راستەقینەی نەتەوە پیشان بدات، راشکاوانەتر واتە ئەم هەموو ئیمکانیەتە ناخرێنە خزمەتی بەهێزبوونی کەسایەتی نەتەوەوە، بەڵکو دەخرێنە خزمەتی بەهێزبوونی پێگەی حزبە سیاسییەکانەوە، بۆیە دوورخستنەوەی ئەو ناوەندی ئیمکانیەتانە لە مۆرکی نەتەوەیی و هەوڵدەدرێت بە حزبی بکرێن، پێموایە ئەمە هەڵەیەکی مێژووییە و لەبەر ئەو ململانێ سیاسییەی لەنێوان حزبەکان هەیە، ئەوجا چ ململانێی سیاسیی بەدرێژایی مێژوو یان ململانێی ئێستا لەسەر دەسەڵات، نەتوانراوە نەتەوە وەك خۆی نیشان بدرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری بارودۆخی ئێستای کوردستان بکەین، هەست دەکەین پەیەدە نموونەیەکی زۆر زەقی خولیای بە حزبیکردنی ئیمکانیەتی نەتەوەیەو ئەو دەیەوێت نەتەوە لەخۆیدا وێنا بکات، ئەمە لەکاتێکدا ئایدۆلۆژیەتی پەیەدە کە هەمان ئایدۆلۆژیەتی پەکەکەیە، پێویستە ئامێزی ئەوەندە فراوان بێت کە بتوانێت هەموو پێکهاتە فیکری و کۆمەڵایەتی و رەگەزییەکانی ناو نەتەوە لە باوەش بگرێت، پەیەدە بە هاوشێوەی پەکەکە پێیوایە ئەوەی لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیەتی خۆی دەیبینێت ئەوە نەتەوەیە، هەر بۆیەش هەموو توخمەکانی دیکە و هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی دیکە رەت دەکاتەوە، ئەمەش کێشەیەکی یەکجار گەورەیە ئەمە نەك هەر تەنها مەسەلە ئەوەیە تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو کەمکردنەوەی تواناو هێزی نەتەوەی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە هۆکاری تێکشکانی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە کە هەموو پێکهاتە و ئیمکانیەتە جیاوازەکانی نەتەوە دەگرێتەوە.

**گوڵان:** ئەگەر راشکاوانەتر لەسەر خاڵە لاوازەکانی بیرکردنەوەی نەتەوەییمان هەڵوەستە بکەینەوە، ئایا بەدیاریکراوی خاڵە لاوازەکانی بیرکردنەوەی نەتەوەییمان چییە؟

**کاروان ئاکرەیی:** پێموایە دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێبکەین، بەوەی چۆن حزبێکی سیاسیی دەتوانێت لە روانگەیەکی نەتەوەییەوە سیاسەت و پرۆگرام و پێگەی خۆی لە پێناوی کەسێتی نەتەوەییدا بخاتە گەڕ، ئەوجا لەم خاڵەوە ئەگەر سەیری واقیعی سیاسیی ئێستای کوردستان بکەین، ئەوا خاڵی درەوشاوەی ئەم واقیعە فرەیی سیاسییە، بۆیە خاڵی گرنگی دەسپێکی بیرکردنەوەی نەتەوەیی بۆ هەر حزبێکی سیاسیی قبوڵکردنی ئەو فرەییە سیاسیەیە کە لەواقیعی کوردستاندا بوونی هەیە، کە بەداخەوە من وای دەبینم هەتا ئێستا حزبەکان بەناچاری مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن و لە قەناعەتی قوڵی هەر حزبێك لەو حزبانە ئەو پرانسیپە جێگیر نەبووە، کە حزبێکی سیاسی بەتەنها نەتەوە نییە، بەڵکو بەشێك لەنەتەوەو ئەوەی بەرامبەریشمە، ئەوەی لەراستمەو ئەوەی لە چەپیشمە، بۆیە کە ئەم قەناعە بوو بە پرانسیپ و بەرامبەر و لای چەپ و راستی بینی، ئەوا ئەم پرانسیپە لەسەر فیکر و نەخشەیەك مەودای ژیان و هەلی پێشکەوتن و پیشاندانی حزبەکان پیشاندەدا، کە هەموو نەتەوە بەشداری لەو پرۆسەیە دەکات کە بە ئاڕاستەیەکی نەتەوەیی هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت، نەبوونی رەگ و ریشەیەکی قوڵی ئەو فیکرو نەخشەیە لە ناو بیرکردنەوەی حزبەکان تەنانەت تاکەکانیشدا، ئەمە خاڵێکی هێندە نەرێنیە کە تا دەگاتە ئەو ئاستەی بپرسین ئایا بەڕاستی حزبەکان حزبی نەتەوەیین، ئەگەر حزبی نەتەوەیین چۆن بەمشێوەیە یەکتری رەتدەکەنەوە، چۆن بیر لەوە ناکەنەوە نەتەوە بریتی نییە تەنیا لە حزبێك، بەڵکو بریتییە لەهەموو ئەوانەی کە هەن، بێگومان ئاساییە ململانێی سیاسیی هەبێت، ئاساییە حزبێك بەرنامەکەی زیاتر لە خزمەتی نەتەوەدایە ئەمە شتێکی رێژەییە، بەڵام ئەم توخمە نەتەوەییە لای هەر حزبێك هەیە بە رێژەی جیاواز، پرسیاری سەرەکی دیسان ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم توخمە نەتەوەییە بکرێت کە لەلایەن حزبێکی دیکەوە هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە من ناڵێم پێویستە ئێمە دیموکراتخواز بین، بەڵکو دەڵێم هەر لە روانگەی نەتەوەییەوەو لە پەروەشیمانەوە بۆ بەهێزی کەسێتی نەتەوەییمان دەبێت بەرامبەریشمان قبوڵ بکەین و هەموو یەکتری قبوڵ بکەین و هەموو پێکهاتەکان قبوڵ بکرێن و وزەو توانایان رێك بخرێت و هەموو ئەم توانایەش ئاڕاستەی ئەو ئامانجە بکرێت کە سەرەنجام گەشەسەندن و بەهێزبوونی نەتەوەی تێدا بەرجەستە دەبێتەوەو سیماکانی نەتەوە بەدیار بخات.

**گوڵان:** هەموو نەتەوەیەك لە قۆناخێکی مێژوییدا پێویستی بە بونیادی نەتەوەیی خۆی هەیە، ئەم قۆناخە مێژووییەش کە دێتە پێشەوە پێویستە هەوڵ بدرێت سوودی لێ وەربگیرێت، هەر بۆ نموونە کوردستانی باشوور لە سیڤەرەوە تا راپەڕین بە درێژایی نزیکەی ٨٠ ساڵ یەك هەلی مێژوویی بۆ هەڵکەوت، ئەم هەلە توانرا سوودێکی لێوەربگیرێت و ئەم ئەزموونەی لێ بەرهەم هاتووە کە بە هەموو کەموکورتیەکانیەوە ناسنامەی نەتەوەیمانی بردۆتە قۆناخێکی دیکەوە، ئێستا بۆ کوردستانی رۆژئاوا بە مەزەندە هەلێکی هاوشێوە هاتۆتە پێشەوە، ئایا چۆن لەم دەرفەتەی رۆژئاوای کوردستان پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە دەست پێدەکات؟

**کاروان ئاکرەیی:** من سەرەتا لەهەرێمی کوردستانەوە دەستی پێدەکەم، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئێمەو مانان لەناو هەرێمی

**پەیەدە بە هاوشێوەی پەکەکە پێیوایە ئەوەی لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیەتی خۆی دەیبینێت ئەوە نەتەوەییە، هەر بۆیەش هەموو توخمەکانی دیکە و هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی دیکە رەت دەکاتەوە**

**خاڵی گرنگی دەسپێکی بیرکردنەوەی نەتەوەیی بۆ هەر حزبێکی سیاسیی قبوڵکردنی ئەو فرەییە سیاسیەیە کە لەواقیعی کوردستاندا بوونی هەیە**

**ئێستا کورد بۆ یەکەمجار لەمێژوودا خاوەنی خاك و ناسنامەیە، پێش ئەم پرۆسەیە ئێمە لەروانگەیەکی شۆڕشگێڕی و بە پشت بەستن بە بەڵگە مێژووییەکان بانگێشەی ئەوەمان دەکرد کە کوردستان وڵاتی کوردانە**

**کاتێک زۆرینەی پەرلەمان یاسایەک دەردەکات وا پێویست دەکات کە هەموو هاووڵاتیان و هەموو ناوەندەکان و هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانیش پابەندی تێکستی ئەو یاسایە بن، چونکە بە رێگای یاساییدا تێپەڕیوەو دەرچووێنراوە، سروودی نەتەوەیی کوردیش بە یاسایی کراوە**

کوردستانەوە، بایەخ و گرنگی ئەم هەرێمە وەك پێویست نەبینین، چونکە لەناو جەنجاڵی ململانێی سیاسیدایین، بۆیە ئەگەر وەك چاودێرێك لەدیدی کوردستانیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و چ کوردستانیانی تاراوگەوە سەیری بکەین، ئەوان زیاتر هەست بەگرنگی و کاریگەری هەرێمی کوردستان دەکەن، بەحوکمی ئەوەی بووینە خاوەنی ناسنامە، واتە جاران کوردستانیەك یان گرووپێك یان حزبێکی سیاسیی تا خۆی بە خەڵکێکی دیکە دەناساند زۆر ماندوو دەبوو، بەڵام لەدوای بەهاری ١٩٩١ ئەو قۆناخەمان تێپەڕاند کە تەنها بوونێکی سادەو ساکاری نەتەوەییمان هەبوو، دەستمان کرد بە قۆناخێکی دیکە بە بیروبۆچوونێکی دیکە یان دەتوانم بڵێم چەمکێکی دیکە هاتەئاراوە کە چەمکی ئاگایی نەتەوەیی بوو، ئەویش پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بوو لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی روون و ئاشکرا، لە پێناوی ئەوەی ئێمە وەك نەتەوە چ بەرنامەیەکمان هەیە بۆ پێشخستنی خۆمان، پێشتر لەوانەبوو بۆ ناساندنی نەتەوەیی خۆمان چالاکییەکی شۆڕشگێڕیمان بکردایە، بەڵام دوای ١٩٩١ ئەو قۆناخە دەستی پێکرد چۆن خزمەتی نەتەوەیی خۆمان دەکەین، بە چ بەرنامەیەك دەتوانین پێگەی نەتەوەیی خۆمان بگەیەنینە ئاستی ئەو نەتەوانەی کە قۆناخێکی دوور و درێژی مێژوویيان بڕیوەو ئێستا لەسەر ئاستی جیهان خاوەنی ناسنامەی خۆیانن، بۆیە کورد دەستی بەم پرۆسەیە کرد، گرنگی ئەم پرۆسەیەش لە بوونی ناسنامەدایە، لەبەر ئەوەی ئێستا کورد بۆ یەکەمجار لەمێژوودا خاوەنی خاك و ناسنامەیە، پێش ئەم پرۆسەیە ئێمە لەروانگەیەکی شۆڕشگێڕی و بە پشت بەستن بە بەڵگە مێژووییەکان بانگێشەی ئەوەمان دەکرد کە کوردستان وڵاتی کوردانە، بەڵام کەس دانی پێدانەدەنا، بەڵام ئێستا نەك هەر دانی پێنراوە، بەڵکو لە واقیعدا چووینە ناو تۆڕێکی گەورەی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی زۆر ئاڵۆزیش، ئێمەش دەمانەوێت لەم دنیایە رێگەی خۆمان بکەینەوە، بۆیە ئەوەی پێوەندی بە بونیادی نەتەوەوە هەیە لەهەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان، بەتایبەتی کە ئێستا باسی رۆژئاوای کوردستان دەکەین، دەبێت رۆژئاوا لەو راستیە تێبگات کە لەلایەنی بونیادی نەتەوەیی وێڕای هەندێك لایەنی نەرێنی کە لەهەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت، بوونی نەتەوە بەخاکەوە واتە بوونی نەتەوەیی بە نیشتمانەوە لە هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە هەر بزاوتێکی نەتەوەیی لەهەر بەشێکی دیکەی کوردستان دەبێت ئەم راستیە لەبەرچاو بگرێت، ئەگەر وزەو توانایە، هەرێمی کوردستان وزەو توانای لەرووی نەتەوەییەوە پێدەبەخشێت، ئەگەر خۆجیاکردنەوەیە، لەم بەش یان نادیدەگرتنی ئەم بەشەی باشووری کوردستانە، ئەوا ئەو نەتەوەخوازییە ئەم بەشە نادیدە دەگرێت نەتەوەخوازییەکی کرچ وکاڵ و هەژارەو بێ هیچ قووڵاییەکی مێژووییە، ئەمەش لەتوانای نەتەوە دەکوژێت، بۆیە زۆر زۆر گرنگە ئەو حزبەی بانگێشەی نەتەوەخوازی لە هەر بەشێکی دیکەی کوردستان دەکات، دەبێت بەر لەهەموو شتێك خۆی دان بەوەدا بنێت کە خۆی بەتەنیا نوێنەری نەتەوە نییەو نەتەوە لە کەسێتیی حزبێکدا بەرجەستە نابێت، بەڵکو بە خوێندنەوەی تابلۆیی نەتەوەیی وەکو خۆی و هەوڵدان بۆ ئەوەی بەرنامەی حزبی خۆی لەگەڵ واقیعی ئەو تابلۆ نەتەوەییە بگونجێنێت، نەك هەوڵبدات خۆی بەسەر واقیعدا بسەپێنێت و بەوجۆرە واقیع بسەپێنێت وەکو خۆی دەیەوێت، بۆیە واقیعی ئێستای رۆژئاوای کوردستان، واقیعێکی فرە حزبیە لە قۆناخێکدا سەریهەڵداوە کە قۆناخی سەلماندنی بوونی نەتەوەیی بووە وەك کورد، ئێستا رۆژئاوا بە کردەیی لە قۆناخی سەلماندنی بوونی نەتەوەییەو هێشتا قۆناخی بونیادی نەتەوە دەستی پێ نەکردووە، بۆیە بۆ ئێستای رۆژئاوا زۆر گرنگە لە هەنگاو هەڵگرتن بۆ قۆناخی بونیادی نەتەوە، گرنگە هەموو توخمەکانی نەتەوە لەبەر چاوبگیرێت و دانی پێدا بنرێت وەك خۆی، ئێستا توخمەکانی نەتەوە لە رۆژئاوای کوردستان بە ئاشکرا دیارن حزبە سیاسییەکانن، ئەو حزبە سیاسییانە هەر یەکەیان بەجۆرێك نوێنەرایەتی ناوەندێکی کۆمەڵایەتی ناوچەیەك یان بوارێکی کۆمەڵگە دەکەن، بۆیە ئەو حزبەی کە پێیوایە خۆی دەتوانێت بەتەنیا سەرقافڵەی نەتەوە بێت و حزبەکەی ئەو بەشی ئەو بەرنامە نەتەوەخوازییە دەکات، ئەمە خۆی لەخۆیدا پێچەوانەی واقیعی راستەقینەی رۆژئاوایە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەو حزبە بە هەڵە نەچووە، بۆچی ناپرسێت بۆچی فرەحزبی بوونی هەیە؟ ئەگەر وایە بۆچی هەموو خەڵك لەگەڵ ئەو حزبە نییە؟ ئەوجا ئەو حزبە پەیەدە بێت یان هەر حزبێکی دیکە بێت. بەداخەوە من پێموایە پەیەدە هێندە خەبات لە پێناوی چەسپاندن و سەپاندنی بوونی ئایدیۆلۆژی خۆی و بەکارهێنانی نەتەوە لە خزمەتی بەهێزکردنی پێگەی خۆیدا دەکات، ئەوەندە خزمەت بە پرۆسەی نەتەوەیی کورد ناکات، هەر بۆیەشە دەبینین پەیەدە لەدیدی سیاسیدا حزبێکی داخراوو توند دێتە بەرچاو، حزبێك کە ناتوانێت لەگەڵ خەڵکی دیکە هەڵبکات، ئەم هەڵنەکردنە پێش هەموو شت زیان بەنەتەوە دەگەیەنێت، چونکە نەتەوە جووڵەیەکی بەرفراوانی خەڵکانێکە کە دەبێت پێکبێن لەسەر ئەوەی چۆن دەتوانن یەکتری قبوڵ بکەن و چۆن دەتوانن سوود لەوزەو توانای هەموولایەك وەربگیرێت، لەپێناوی بە ئامانج گەیاندنی ئەو ئەمانەتەی لەبەردەستی هەموو لایەکە بۆ ئەوەی تەکانێك بە بزاوتی نەتەوەیی خۆیان بدەن بەرەو دەسپێکی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە رۆژئاوای کوردستاندا، کە ئەویش بونیادنانی دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانیە کە بێگومان بەهەماهەنگیەکی نزیك لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بەو پێیەی هەرێمی کوردستان دەست

پێشخەربووە لەپرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەو دەستپێشخەر بووە لە قۆناخی تێپەڕاندنی سەلماندنی نەتەوە، ئێستا لە قۆناخێکی دەستووری ئاشکرادایە، هەوڵدەدات بەشێوەیەك لە شێوەکان وزەو توانای نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا کۆبکاتەوە.

**گوڵان:** ئایا ئەم ئەقڵیەتە ئایدیۆلۆژییە داخراوەی پەیدە، چ زیانێك بەو هەلە مێژووییە دەگەیەنێت کە بۆ رۆژئاوای کوردستان هاتۆتە ئاراوە؟

**کاروان ئاکرەیی:** ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر سادە سەیری بکەین و پەیەدە بەرنامەیەکی نەتەوەیی هەبێت، واتە ئەو بەرنامەیە لە خزمەتی رزگارکردنی خاك و میللەت بێت، بێگومان دەبێت هەموو خەڵك لە دەوری ئەو بەرنامەیە کۆببێتەوە، بۆیە ئەگەر کۆنەبێتەوە گومان لەنەتەوەخوازی ئەو بەرنامەیە هەیە، دیسان دووبارەی دەکەمەوە لە رۆژئاوای کوردستان واقیعێك هەیە کە فرە بۆچوون و فرەحزبی بوونی هەیە، ئەم فرەییە رەنگدانەوەی تابلۆیەکی واقیعی رۆژئاوای کوردستانە، بۆیە هەر حزبێك ئەم واقیعە لەبەرچاو نەگرێت، هەروەها هەر حزبێك هەوڵنەدات کە هێزو توانای نەتەوە لە رێی یەکگرتنی ئەم فرەییەوە کۆبکاتەوە، هەموو پێکەوە ئاڕاستە نەکرێت بۆ ئامانجە نەتەوەییەکە، ئەوا لە رووی مێژووییەوە بەرپرسیاریەتیەکی ئەوتۆی لە ئەستۆدا دەبێت، زیانی بۆ قۆناخێکی زۆر هەستیاری نەتەوە لە رۆژئاوا دەبێت، بۆیە گرنگە هەوڵبدرێت کوردستان نەکرێتە تاقیگەی هەندێ ئایدۆلۆژیاو هەندێك هەڵوێستی سەرگەرمانە، هەندێك هەڵوێست کە بەداخەوە بۆنی ئەوەی لێدێت خەمخۆری نەتەوەیی تێدانییە. بۆیە پەیەدە پێویستە بزانێت خۆی بەتەنها نەتەوە نییەو نوێنەری بزاوتی نەتەوەیش نییە، بەڵکو ئەگەر پەیەدە لاباڵێك بێت لە بزاوتی نەتەوەیی، دەبێت بزانێت لەپێناو نەتەوە لەگەڵ لا باڵاکانی دیکەی بزووتنەوەی نەتەوەیی هەڵبکات و خاڵی هاوبەشیان هەبێت، بۆ ئەوەی هێز و توانای نەتەوە پشانی ئەو لایەنانە بدات کە دژ بە گەشەسەندن و بووژاندنەوەی نەتەوەیی کورد هەوڵ دەدەن.

**گوڵان:** لەسەرەتای کێشەی سوریاوە هەست دەکەین پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆك بارزانی لایەنێکی خێربوون بۆ بەخشینی وزەو توانای نەتەوەیی بە رۆژئاوا، بەڵام ئێستا هەست دەکەین وەك لایەنێکی نەیار لەلایەن پەیەدەوە سەیری پارتی و سەرۆك بارزانی دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی گوتاری سیاسی پەیەدە دژی پارتی و سەرۆك بارزانیە؟

**کاروان ئاکرەیی:** ئەوەی پەیەدە دەیکات ئاشکرایە کە بەهەماهەنگی لەگەڵ دیمەشق کاردەکات، ئەم هەماهەنگیەی نێوانیشیان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو رەهەندێکی بەرفراوانی وەرگرتووە، ئەم رەهەندەش هاریکارییە بۆ ئەو هەوڵانەی کە ئێستا هەن بۆ ئەوەی رژێمی ئەسەد لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەمەش ئەگەر لەدیدی خەڵکی کوردستانەوە سەیری بکەین، ئەوا هیچ پێوەندی بە ئامانجی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانەوە نییە، بەڵکو بەجێگەیاندن و جێبەجێکردنی ئەجێندایەکە کە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی کاری بۆ دەکرێت و لەخزمەتی خەڵکی غەیرە کوردە، بێگومان لەم ململانێ هەرێمایەتیەشدا پێگەی بەڕێز مسعود بارزانی دیارەو دەزانرێت چۆنەو بەچ ئاڕاستەیەك هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆیە لەدیدی پەیەدەوە گەورەترین ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەجێندایەی پێی سپێردراوە بە سەرۆك بارزانی دەبینێت، بۆیە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کار بۆ ئەوەی ئاڕاستەی کێشەی نێوان کورد و رژێمی ئەسەد بگۆڕێت بۆ کێشەی نێوان پەیەدە و هەرێمی کوردستان، گۆڕینی ئەم ئاڕاستەیەو هەوڵدان بۆ لە خشتەبردنی خەڵکی رۆژئاوا بەچەندەها گوتاری دیماگۆکی بە بیانووی ئەوەی ئەوان باڵادەستن و لەخەمی خەڵکەکەن و خاوەنی چەکن، کە ئەو چەکە بۆخۆی جێگەی پرسیارێکی زۆرە، ئەمە وایکردووە کە کوردانی رۆژئاوا لەپەرتەوازەیی نەتەوەییدا بژین، ئەو گەرموگوڕییە لەسەرەتای رابوونەکەی سوریا هەستمان پێدەکرد، ئێستا لە رۆژئاوای کوردستان هەست بەو گەرم و گوڕییە ناکرێت، بەپێچەوانەوە هێشتا هیچ نەبووە، خەڵك کەوتە بەر زەبری دەسەڵاتدارانی پەیەدە لە رۆژئاوای کوردستان، دەکرێت ئەمە وەك شتێکی دەگمەن و نامۆ سەیر بکرێت، هێشتا هیچ نەبووە، خەڵك کەوتۆتە بەر شاڵاوی هێزێکی کوردی وەك پەیەدە کە بەناو شۆڕشگێڕ و نەتەوەخوازە، بۆ ئەوەی دوورت بخاتەوە لەگۆڕەپانی سیاسەت و دوورخستنەوە لە کرۆکی ململانێکە، کە هەموو هێزە کوردستانیەکانی رۆژئاوا کۆکن لەسەر ئەوەی کە کێشەی کوردی رۆژئاوا لەگەڵ رژێمی ئەسەدە نەك لایەنێکی دیکە، نەك وەك ئەوەی پەیەدە دەیەوێت ئاڕاستەکەی بگۆڕێت بەرەو بەشێکی زۆری هەرێمی کوردستان، بەشێکیشی بەرەو تورکیا، لەراستیدا ئەمەش زەرەروزیانێکی زۆر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ئەو بزاڤە شۆڕشگێڕییە دەگەیەنێت کە ئێستا لەرۆژئاوا بوونی هەیە، کورد لەبەرنامەی نەتەوەیی خۆیدا بەلاڕێدا دەچێت، ئەمەش واتە بەلاڕێدا بردنی ئەو وزە و توانایەی کە هەیە ئاڕاستە نەکرێت بەرەو ئامانجە نەتەوەییەکەی رۆژئاوا، بەڵکو ئاڕاستە بکرێت بۆ لایەکی دیکە یان ئەو وزەو توانایە پوچەڵ بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئەجێندایە سەرکەتوو بێت کە پەیەدە پێی سپێردراوە.

**گوڵان:** لێرەدا ئەگەر هەندێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، هەست دەکەین پەیامی هەرێمی کوردستان بۆ لایەنەکانی رۆژئاوا هەر لەسەرەتاوە هەوڵدان بووە بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە ئەم هەلە لەدەست نەدەن، ئایا خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ پەیامی هەرێمی کوردستان بۆ رۆژئاوا هەیە؟

**کاروان ئاکرەیی:** پێش هەموو شت گومان لەوەدا نییە کە

**ئەو حزبەی بانگێشەی نەتەوەخوازی لە هەر بەشێکی دیکەی کوردستان دەکات، دەبێت بەر لەهەموو شتێک خۆی دان بەوەدا بنێت کە خۆی بەتەنیا نوێنەری نەتەوە نییەو نەتەوە لە کەسێتیی حزبێکدا بەرجەستە نابێت**

**هەموو هێزە کوردستانیەکانی رۆژئاوا کۆکن لەسەر ئەوەی کە کێشەی کوردی رۆژئاوا لەگەڵ رژێمی ئەسەدە نەک لایەنێکی دیکە، نەک وەک ئەوەی پەیەدە دەیەوێت ئاڕاستەکەی بگۆڕێت بەرەو بەشێکی زۆری هەرێمی کوردستان**

ناكۆكی لەنێوان بیروبۆچوونە سیاسییەكانی رۆژئاوا هەیە، هەروەها لەنێوان خۆیان و هەرێمی كوردستانیش كەم تا زۆر هەیە، بەڵام بوونی ناكۆكی لەنێوان هێزەكانی رۆژئاوا بەو مانایە نییە كە ناتوانن بەرنامەی هاوبەشیان هەبێت، جەنابی سەرۆك بارزانی كە هەوڵیدا حزبەكانی رۆژئاوا لەهەرێم كۆبكاتەوە هەوڵیدا پێیان بڵێت، ئەو ناكۆكیەی ئێوە لەنێوان خۆتان هەتانەو ئەو ناكۆكیەی ئێوە لەگەڵ ئێمە هەتانە، بابیخەینە لاوەو هەموو توانای خۆمان ئاڕاستەی یەكلایی كردنەوەی ناكۆكیە سەرەكیەكە بكەین كە ئەویش یەكلایی كردنەوەی مافەكانی كوردە لەگەڵ رژێمی ئەسەد، ئەمەش واتە سەرۆك بارزانی ناكۆكیە سەرەكیەكەی پیشاندان كە ئێمە ناكۆكی سەرەكیمان چەسپاندنی مافی كوردە لەرۆژئاواو دەبێت هەموو تواناكانمان بۆ ئەو مەبەستە بخەینە گەڕ، میكانیزمی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ئەوەیە هەموو وزەو تواناكان پێكەوە كۆبكەینەوە، ئەمەش بە وەلانانی ناكۆییە لاوەكیەكانی خۆمان دەست پێدەكات، بە بەرنامەی هاوبەش بە لێكتێگەیشتنی هاوبەش پێكەوە كەسێتی نەتەوەیی خۆمان لەرووی سیاسییەوە نمایش بكەین، بەڵام بەداخەوە زۆرجار پەیەدە ناكۆكیە لاوەكیەكانی هێنایە پێش ناكۆكیە سەرەكیەكە، ئێستا لە حاڵەتی رۆژئاوادا پەیەدە وایكردووە، ناكۆكیە لاوەكیەكەی خستۆتە جێگەی ناكۆكیە سەرەكیەكە، ناكۆكی سەرەكی پەیەدە كە داكۆكی كردن لە كەسێتی نەتەوەیی ونە. لەبەر ئەوەی نازانێت ناكۆكی سەرەكی پەیەدە لەگەڵ كێیە، ئایا ناكۆكی سەرەكی پەیەدە لەگەڵ ئەو كەسەیە كە داگیركەرەو خاكەكەی دابەشكردووە؟ بۆیە خەریككردنی خەڵكی كوردستان بەدۆزینەوەی ناكۆكیەكی لاوەكی لەگەڵ ئەم یان لەگەڵ ئەو، ئەمە دەستبەردای بەرنامە نەتەوەییەكەیە لە پێناوی ئامانجی خودی حزبەكە كە پەیەدەیە. من لەم هەڵوێستەی ئێستای پەیەدە وا تێدەگەم كە ئەمە كارێكی تاكتیكی ئەم قۆناخەیە، بەواتایەكی دیكە پەیەدە گەشەسەندنی حزبەكەی كردووە بە ستراتیژ و بەرنامە نەتەوەیەكەی كردۆتە شتێكی لاوەكی، ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی خەڵك لەو رابوون و هۆشیارییە نەتەوەییە بەلاڕێدا بچێت، ئەو وزەو توانایەی نەتەوە هەیەتی پەرتەوازە ببێت، ئەمەش هەمووی لەپێناوی ئەوەیە پەیەدە بتوانێت جڵەوەكە بەدەستەوە بگرێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە كە پەیەدە بەم ئەقڵیەتەوە ناتوانێت تەواوی حزبە سیاسییەكان و خەڵكی رۆژئاوا لەدەوری خۆی كۆبكاتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو دەزانین كە ئایدیۆلۆژیای تاكڕەوی و دیكتاتۆری لە كرۆكی ئایدلۆژیای پەیەدەو پەكەكە هەبووەو بەداخەوە تائێستاش بە ئاسانی لایەنە پێوەندارە هەرێمیەكان لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودیان لەو توخمە تاكڕەوییەی پەیەدەو پەكەكە وەردەگرن و بە ئاسانی دەتوانن بەرنامەكانی خۆیان لەرێگەی ئەوانەوە جێبەجێ بكەن.

**هەموو حزبەكانی سەر بە ئۆپۆزسیۆن چاوێكیان لە حكومەتە و پێیەكیان لە ئۆپۆزسیۆندایە، ئەمەش گرێ كوێرە بۆ پرۆسەی پێكهێنانی حكومەت دروست دەكات**

**گوڵان:** ئەگەر لەچوارچێوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كێشەی كورد هەمووی پێكەوە سەیر بكەین، هەست دەكەین لەنێو هەر چوارپارچەی كوردستان جۆرە گرێدانەوەیەك پێكەوە هەموو كێشەكە كۆدەكاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە تەنیا لەباشوور دەستی پێكردبێت، ئێستا خەریكە دەبێتە پرۆسەیەكی فراوانتر بۆ بونیادنانەوەی نەتەوە لەسەر ئاستی هەموو كوردستان، ئایا لەم قۆناخە پێویستە بیركردنەوەی تاكی كورد چۆن بێت؟

**كاروان ئاكرەیی:** لەسەر ئەم پرسە من تێڕوانینێكی تایبەتیم هەیە، لە واقیعدا نەتەوەی كورد دابەش بووە، ساڵانێكی زۆرە هەر بەشێكی كوردستان بەپێی تایبەتمەندی خۆی و ئەو سیستمە سیاسییەی بەسەریدا زاڵ بووە ژیاوە، ئەمەش وایكردووە جۆرێك لە جیاوازی لە بیروبۆچوون و لە كەلتوور لەباری كۆمەڵایەتی و ئابووری سەرهەڵبدات. بۆیە كۆكردنەوەی هەموویان بەیەك ئاڕاستە لەوانەیە لەرووی مێژووییەوە كارێكی ئاستەم بێت، بەواتایەكی دیكە هەر بەشێكی كوردستان بەپێی ئەو واقیعە سیاسییەی هەیەتی رێگەی خەباتی خۆی دەگرێتە بەر، هەر بەپێی ئەو تایبەتمەندیە دەتوانیت بەرنامەی خۆی بەرەو پێشەوە بەرێت، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە كە دیدی دەرەوە بۆ هەموو بەشەكانی كوردستان و بڕیاردانیان لەسەر هەر بەشێكی كوردستان، دوور نییە لەو دیدە گشتیەی كە بۆ تەواوی كورد هەیە لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا، بۆیە ئێمەش دەبێت بزانین هەر هەنگاوێك لە هەرێمی كوردستان هەڵیدەگرین كاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر بەشەكانی دیكەی كوردستانیش، بەهەمان شێوە لەبەشەكانی دیكەی كوردستانیش هەر هەنگاوێك دەنێن، كاریگەریەكی راستەوخۆی دەبێت لەسەر باری هەرێمی كوردستان، هەرێمی كوردستان قۆناخێكی بڕیوە لەوانەیە پێشكەوتووتر بێت لەبەشەكانی دیكەی كوردستان، بۆیە رەنگە ئەركیشمان قورستر بێت، بەحكومی ئەوەی هەرێمی كوردستان كەوتۆتە بەردەم هەندێك پابەندبوونی نێودەوڵەتی و دەبێت بەپێی هەندێك پرانسیپی نێودەوڵەتی هەنگاو هەڵبگرین، هەرێمی كوردستان نەبێتە سەرچاوەی ئاڵۆزی و پشێوی لە ناوچەكەدا، بۆیە دەبێت هەموو ئەو هەنگاوانەی كە لە هەرێمی كوردستان هەڵدەگیرێت، دەبێت بە دیراسەت بێت و ناكرێت سنووری یاسا نێودەوڵەتیەكان ببەزێنێت، ئەمەش بۆ ئێستا لە بەرژەوەندی كۆی بزاوتی نەتەوەیی كوردە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە گرنگە ئێمە ئەوە باش بزانین هەر هەنگاوێك كە لە كوردستانی عێراق بینێین كاریگەری بۆ هەموو بەشەكانی دیكەی كوردستان هەیە، لە بەشەكانی دیكەی كوردستانیش هەر هەنگاوێك بنێن كاریگەری راستەوخۆی هەیە بۆ هەرێمی كوردستان، لەبەرئەوە پێویستە هەنگاوەكانمان بە هەند هەڵگرین، كە تێیدا بەرژەوەندی هەرێمی كوردستان

**پەیەدە پێویستە بزانێت خۆی بەتەنیا نەتەوە نییەو نوێنەری بزاوتی نەتەوەیش نییە، بەڵكو ئەگەر پەیەدە لاباڵێك بێت لە بزاوتی نەتەوەیی، دەبێت بزانێت لە پێناو نەتەوە لەگەڵ لا باڵاكانی دیكەی بزووتنەوەی نەتەوەیی هەڵبكات و خاڵی هاوبەشیان هەبێت**



لەبەرچاو بگرین، هاوکات ناکرێت لەو چەترە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییە بترازێین و بەدیدەی نەگرین، باری هەرێم وایە بەڵام لە هەمان کاتدا دۆخی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشت هەن، بە کورتیەکەی دەڵێم ئەرکی هەرێمی کوردستان نییە ئەمڕۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و رزگاریخوازی هەموو بەشەکانی کوردستان بکات، بە پێی ئەو تایبەتمەندایەتییەی لە هەر بەشێك هەیە پێویستە بە شێوازێکی نۆرماڵ و سروشتی ئەو بەشە پەرەبسێنێ و پێ بە پێ بچێتە پێشەوە، تا بتوانێت نزیك بێتەوە لە ئامانجەکەی خۆی، ئەو کات دەکرێت ئەو هەماهەنگییەو ئەو بەرنامە سیاسییە هاوبەشەی لەسەر ئاستی نەتەوەدایە خۆی لە رووی سیاسییەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە هەر بەشێك لە بەشەکانی کوردستان خۆی بنوێنێ، ڕەنگە نموونەی کوردستانی عیراق بۆ هەر بەشێك لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هاندەر بێت کە چارەسەری کێشەی سیاسی نەتەوایەتی کورد لە هەرێمی کوردستانەوە دەستی پێکرد، بۆ بەشەکانی دیکەیش بە هەمان شێوە ببێتە نموونەیەکی بەرچاوو هاندەر بێت، و بەرچاوی ئەوانیش روون بێت کە لە پێناوی چیدا خەبات دەکەن، بێگومان ئەو هەورازو نشێوییە لە دروشمەکانی بزاڤی سیاسی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆری بە خۆیەوە بینیوە، ئێستا بە رای من بەشەکانی دیکەی کوردستان لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان بە دەست هاتووە، خەریکە ئەوانیش دیدیان روونتر دەبێتەوە، کە ئەوانیش پێویستە خەبات لە پێناوی چیدا بکەن، بە بۆچوونی من کێشەکە لەوەدایە پەکەکە تا ئێستاش بەو هزرە زاڵەی ساڵانی هەشتاکان و نەوەتەکان کە خۆی پێ تاقانە حزبی نەتەوەیی کوردستانەوە تەنیا حزبی باڵادەست هەر خۆیەتی، کە هەوڵی داوەو لە هەوڵیشدایە پەیکەربەندی حزبەکەی لەسەر ئاستی هەموو کوردستان هەبێت، لە رێی ئەو نوێنەرانەی کە خۆی دروستی کردون و لە هەر پارچەیەك بە ناوێکەوە، ئەمە کێشەیەکی یەکجار گەورە بۆ خەڵکی بەشەکانی دیکەو خۆیان و هەرێمی کوردستانیش دەخولقێنێت، ئەگەر لە رووی زانستیشەوە تەماشای بکەیت هەرگیز لە توانادا نییە حزبێك لەبەر رۆشنایی بەرنامەو ئامانجی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان دروست بوو بێت و پێڕەوی هەمان بۆچوونی پەکەکە بکات، هەرگیز ناتوانێت هیچ ئیزافەیەك بخاتە سەر ڕەوتی بەرەو پێشوەچوونی هەرێمی کوردستان، چونکە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر لە رووی زانستیەوەش تەماشای بکەیت هەروەك چۆن ناکرێت حزبێك لە باکوور هەبێت پێمان وا بێت هەمان بۆچوون و بەرنامەی سیاسی ئێرە بێت، ئەمەشیان هاوشێوە ناکرێت، بە داخەوە پەکەکە تا ئێستاش دەستی گرتووە بەوەی کە تاقانە حزبێکی سەرتاسەرییە، ئەوەش نەریتی کۆنی

بۆماوەیی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی پەکەکەشە کە پێی وایە بتوانێت هەموو بەشەکانی کوردستان بخاتە ژێر دید و بەرنامەکانی خۆیەوە کاریش بۆ ئەوە دەکات کە ئەم واقیعەی خۆی قەناعەتی پێی هەیە کە لە دیدی ئایدیۆلۆژیایی خۆیەوە سەری هەڵداوە بیکاتە واقیعێك و بیسەپێنێ بەسەر هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، وەك هەموومان دەزانین لە پێناوی ئەوەشدا شەڕی زۆری بە هەرێمی کوردستان گێڕا، ئێستاکەش بە داخەوە هەر دەست بەوە دەگرێت، کە ئەمەش پێچەوانەی واقیعی هەرێمی کوردستان و تایبەتمەندییەکانی هەر بەشێکی دیکەی کوردستانە..

**گوڵان:** ئەگەر هەر بێینەوە ناو هەرێمی کوردستان کە بەڕێزتان زۆر ئاماژەتان پێی دا، ئەگەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ بیرکردنەوەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بکەیت هەست دەکەین لە هەرێمی کوردستانیش ئەمڕۆ جۆرە ئایدیۆلۆژیایەك یان تێڕوانینێکی حزبییانە لە هەرێمی کوردستانیش هەیە، بۆ نموونە لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمان دوو کەس ئامادەنەبوون بۆ سروودی ئەی ڕەقیب هەستنەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ بیرکردنەوەی نەتەوەیی خۆمان لە هەرێمی کوردستانی باشوور بکەین، ئایا خۆشمان نابینە جێگای ڕەخنە؟

**کاروان ئاکرەیی:** وەك لە سەرەتاوە باسم کرد ئەمە خۆی لە خۆیدا سەلمێنەری ئەوەیە کە بە داخەوە نەتەوەخوازی ئێمە بریتییە لە تێڕوانین و بۆچوون و بەرنامەی حزبەکان، ئەگینا ئەگەر نەتەوەخوازی ئێمە گەیشتبێت بەو ئاستە، کەسایەتی خۆی بەرجەستەکردبێت بە دامەزراوەیی نەتەوەیی لە هەرێم، ڕێگە نەدەدرا کە کەسێك لەبەردەم سروودی نەتەوەیی هەڵنەستێتەوە، یان کە ڕووی دا بۆ بەدواداچوونی بۆ ناکرێت، بۆ ڕێوشوێنی یاسایی لە دژی ئەو کەسانە ناگیرێتەبەر، ئەگەر ئێستاش ئەو ئەندام پەرلەمانە پێی وابێت دیدو بۆچوونی حزبییانەی خۆی بەرنامە داڕێژەرێتی و لەبەر بۆچوونی دیدو بۆچوونی حزبەکەی خۆیەوە سەیری نەتەوە دەکات، هەڵەیەکی کوشندە دەکات و بە پێچەوانەی ڕێساو یاساکانی ئەم هەرێمەشە، بۆیەشە کە ئەمەی کردووە پێی وابووە لە دیدە حزبیە ئیسلامیەکەی خۆیەوە پێی وایە ئەرکی ئەو نییە بە ڕێزەوە هەستێتەوە خۆ دەبوایە هەر لە بنەڕەتدا نەچێتە ناو ئەو پەرلەمانەوە، چونکە ئەو پەرلەمانە بە هەمان ڕێساو یاسای نیشتمانی ڕێکخراوە، ئەو پەرلەمانە زۆر یاسای دەرچواندووە مەرج نییە سەرلەبەری یاساکان ئاوێنەی دیدو بۆچوونی خۆی یان هی حزبەکەی ئەو بن، کاتێك زۆرینەی پەرلەمان یاسایەك دەردەکات وا پێویست دەکات کە هەموو هاووڵاتیان و هەموو ناوەندەکان و هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانیش پابەندی تێکستی ئەو یاسایە بن، چونکە بە ڕێگای یاساییدا تێپەڕیوە دەرچووێنراوە، سروودی نەتەوەیی کوردیش بە یاسایی کراوە هیچ پاساوێك داد نادات کە من قەناعەتم بە رستەیەکی نەبێت بڵێم پابەند نابم پێوەی، ئەمە نیشانەی کاڵ بوونی هزریی و ئاگایی نەتەوەیی ئێمەیە، خۆ لێ بە خاوەن نەکردنیش بەرانبەر کەسێك کە سووکایەتی بەو ئاگامەندییە بکات هەمان گوناهە..

**گوڵان:** بەڵام خەریکە دەیکەنە عادەت، چونکە هیچ یاسایەك نییە سنوورێك بۆ ئەم سووکایەتی پێکردنانە دابنێت..

**کاروان ئاکرەیی:** مەرجە هەبێت...

**گوڵان:** هەر لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی نەتەوەییمان دەرنەچین، ئەمڕۆ پرۆسەیەکی مەزنمان لە پێشە بە تایبەتی کە کوردستان دەچێتە قۆناغی پاش هەڵبژاردنەکان، ئێستا خەریکی پێکهێنانەوەی نوێی حکومەتەو دیسانەوە پارتیش کاك نێچیرڤان بارزانی هەڵبژاردۆتەوە کە لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی نەتەوەییدا سەرپەرشتی ئەو پرۆسەیە بکات و حکومەتێکی تازە دروست بکەین، بەڵام دیسانیش هەندێك نائومێد دەبین ئەگەر لەم چوارچێوەیە تەماشای دروستکردنی حکومەت بکەین، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە بیربکەینەوە لەم پرۆسە دیموکراتیە، کاروان ئاکرەیی تا چەند گەشبینە..

**کاروان ئاکرەیی:** حکومەتی دیموکراتی ئەوەیە کە حکومەتێکی زۆرینە بێت، بە هاوپەیمانێتیەکانی خۆی هەستێت و لەوانەیە ئۆپۆزسیۆنیش هەبێت ئەویش بە پێی هەلومەرج کاری خۆی بکات، هەبوونی دووانەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە شوێنێکدا واتا کرۆکی دیموکراسیەت، پێم وانییە دیموکراسیەتەکەی ئێمە بەو شێوەیە تاقیبکرێتەوە کە ئایا هەموو حزب و هێزو لایەنە سیاسییەکان بەشداربن لە دەسەڵات، دیموکراسیەتەکە بەوەوە بەند نییە، قەناعەتەکە لەوەدایە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان ئەو قەناعەتەیان لە لادروست بوو بێت، حزبی زۆرینە بە هاوپەیمانی لەگەڵ چەند حزبێکی دیکە، حکومەت دروست دەکات، ئەوەی کە پێی وایە بەشداری لەحکومەت ناکات یان کە پێی وایە ئەو قەبارەیە یان ئەو نیەتەی نابێت کە بەشداری لە حکومەتدا بکات، پێویستە بە پێگەی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆی ڕازی بێت و کار بە پێی پرەنسیپەکانی ئۆپۆزسیۆن بکات و بەردەوام بێت لە ژیانی سیاسی، تێکەڵکردنی هەموو کارتەکان بە ڕای من خۆدزینەوەیە لە ڕاستییەك ئەویش ئەوەیە تا ئێستا بە قەناعەتەوە ئەو فرە حزبیە لە کوردستاندا جێگیر نەبووە، فرەیی بە مانای ئەوەی کە تۆ کاتێك دەرفەتت بۆ نارەخسێت تا لە حکومەت بەشدار بیت کەواتە تۆ دەرفەتی ئۆپۆزسیۆنت هەیە، ئۆپۆزسیۆن بوونیش بە واتای ئەوە نییە بێ بەش بێت لە هەموو شتەکان، لەوانەیە زەمینەخۆشکردن بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لەوانەیە ئەو حزبە یان ئەو لایەنە سیاسییە باشتر

**پەیدە بەهەماهەنگی لەگەڵ دیمەشق کاردەکات، ئەم هەماهەنگیەی نێوانیشیان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی بەرفراوانی وەرگرتووە، ئەم ڕەهەندەش هاریکارییە بۆ ئەو هەوڵانەی کە ئێستا هەن بۆ ئەوەی ڕژێمی ئەسەد لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە**

**فرەیی بە مانای ئەوەی کە تۆ کاتێک دەرفەتت بۆ نارەخسێت تا لە حکومەت بەشدار بیت کەواتە تۆ دەرفەتی ئۆپۆزسیۆنت هەیە، ئۆپۆزسیۆن بوونیش بە واتای ئەوە نییە بێ بەش بێت لە هەموو شتەکان**

بتوانێــت لەناو خەڵکدا کار بکات و باشــتر خەڵك بەلای خۆیدا راکێشــێت بە کەڵك وەرگرتن لە کەموکوڕییەکانی ئەو حوکمڕانی یان ئەو حکومەتەی کە دروست دەبێت.

**گوڵان:** ئێســتا باس لەوە دەکرێت کــە دەبێت ریزبەندی هەڵبژاردنەکە چۆن بێت هاوپەیمانێتیەکانیش بە هەمان شێوە بــن، گلەییش لەوە دەکەن ئەگەر پارتی و یەکێتی پێکەوە هاوپەیمانێتی بکەن، ئەمە دەبێتە شتێکی نادیموکراتیانە، بەڕێزتان لەسەر ئەمە چ دەڵێن؟

**کاروان ئاکرەیــی:** ئەوە مەرجی دیموکراســی بوونی ئەو حکومەتە نییــە چونکە هەڵبژاردن ئــەم دەرئەنجامەی لێکەوتۆتــەوە کــە حزبی زۆرینــە زۆرینەیــەو ئەوانی دیکەیــش بە پێی رێژەی دەنگــدان و بە پێی دەنگەکانی کە بەدەســتیان هێناوە نەك بەشداری لە حکومەتدا دەکەن، بەڵکــو بەردەوامی بــە کاری سیاســییانەی خۆیان بۆ حکومەت پێکهێنان دەدەن، هەر یەکە بەپێی ئەو دەنگانەو ئەو پێگەیەی لە پەرلەمان بە دەســتی هێناوە، نەمزانیەوە ئەو ریزبەندییەی دەنگهێنانی حزبەکان مەرجێك بێت تا بە هەمان ریزبەندی بەشداری لە حکومەتدا بکەن، ئەگەر بە نموونە پارتی حزبی زۆرینەیەو دەنگی زۆرینەی وەدەست هێناوە، لەوانەیە لەگەڵ حزبێك کە تەنیا ٥ کورسی بردبێتەوە خاڵی هاوبەشــی هەبێت، رەنگە ئەگەر نیصابی یاسایی تەواو بکات رەنگە لەگەڵ ئەو حزبە هاوپەیمانێتی دروست بکات. ئەمە لە رووی دیموکراســیەتەوە، بەڵام لە رووی سیاســییەوە یان خواستی سیاسی وا بێت کە ئارامییەکی سیاسی یان سەقامگیرییەکی لێ دەکەوێتەوە کە حزبەکان هەموویان بەشداری لە حکومەتدا بکەن ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، رەنگە قسەی لەبارەوە بکرێت بەڵام مەرج نییە بە پێی ئەو ریزبەندییــەی دەنگهێنان بە هەمان ریزبەندییەوە بەشــداری لە حکومەتدا بکرێت، بۆیە پارتی تەماشــا دەکات بەرنامــەی کێ نزیکترە لە بەرنامەی خۆیەوە، یان لەگەڵ کێ دەتوانێت باشتر هەماهەنگی بکات، بۆ ئەوەی ئەو حکومەتەی کە دروســت دەبێت حکومەتێکی ئیفلیج نەبێت، یان ئەو لایەنانەی بەشــداری لە حکومەت دەکەن بەشــداری کاریگەریان هەبێت، یان رۆڵی یەکلاکەرەوەیان دەبێت، حزبی زۆرینە ئازادو سەرپشکە لەمانەدا. لام وایە ئەو لایەنەی بەنیازە بەشداری لە حکومەتدا بکات، دەبێ بڕوای بە بەشداریکردنی بەشداریێکردن هەبێت.

**گوڵان:** دوا پرســیار لەســەر کۆبوونــەوەی ئەنجومەنی ســەرکردایەتی پارتی دەکەین کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندید کردەوە بۆ ئەوەی کە کاندیدی پارتییە تا رابسپێردرێت ســەرۆکایەتی کابینەی هەشــتەم بکات، ئەم پرۆسەیەی کە کاك نێچیرڤان دەســتی پێدەکات بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان بە مەبەستی پێکهێنانی حکومەت ئایا ئاڵۆزی و ســەختیەکانی بەردەمی چۆنەو چەندی ماوە پێدەچێت بە رای بەڕێزتان؟

**کاروان ئاکرەیــی:** بە ڕوونی لام وایــە هەموو حزبەکانی ئۆپۆزســیۆن چاوێکیــان لە حکومەتەو پێیەکیشــیان لە ئۆپۆزســیۆندایە، لە حاڵەتێکی وادا رەنگە سەرئێشــەیەك بۆ پرۆســەی پێکهێنانی حکومەت دروســت بکەن رەنگە گرێکوێرەیەك دروست بکەن، هەر یەك لە حزبەکانی پارتی و یەکێتــی و گۆڕان و کۆمــەڵ و یەکگرتوو باش دەزانن چ پێگەیەکــی هەیەو کارتی بەهێــزی چییە، بۆیە لەو پرۆسەیەدا هەر یەك بە پێی توانا هەوڵ دەدات کارتەکانی خۆی بەکاربهێنێت، کێ دەتوانێت لەگەڵ پارتی نیســابی یاسایی تەواو بکات بەرانبەر بەوەش داواکارییەکانی چین، پارتی چەنــد دەتوانێت بە پیــر داواکارییەکانیانەوە بێت، پێموایە ئەمــە ئەزموونێکی تازەیە چونکە ئۆپۆزســیۆن بڕیاری نەداوە بە ئۆپۆزســیۆن بمێنێتــەوە، بەڵکو مەیلی هەیە بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا، ئەم بەشداریکردنەش وەك چۆن باس لە پرەنســیپی یەکتــر قبوڵکردن دەکەین، مەرجە لای هەر حزبێکیش ئەو پرەنسیپە بە ڕوونی هەبێت کە بەرنامەکەی من نابێتــە بەرنامەی حکومەت، بەڵکو بەشــێکی بەرنامەی من لەوانەیە پەسەند بکرێت و بچێتە ناو ئەجێنــدای بەرنامەکانی حکومەتەوە، ئەگەر دیدێکی وا هەبێت بە روانینی من دروســتبوونی حکومەت ئاسانتر دەبێت، واتا لایەنی کەمــی داواکارییەکانم لەو دیدەوە کە هاوبەشــێکم لە حکومەتدا نەك مــن حکومەت پێکدەهێنم کە بە داخەوە تا ئێســتا لێرەو لــەوێ دەبینرێت رەنگە بۆ لەخشتەبردنی خەڵکی بێت یان بەلاڕێدا بردنی جەماوەر بێت کە بیکەمە هەرا مــن پاکێجی خۆم هەیەو لە حکومەتی داهاتوو وا دەکەم و وا ناکەم، هەرچی دەکەیت لە حکومەتی داهاتوو لــە چوارچێوەی رازیبوونی حزبی زۆرینە و حزبە بەشــداربووەکان دەتوانــی بیکەیت، لــە چوارچێوەی ئەو حزبانەی کە بەشــدارن لە پرۆســە سیاســییەکەو لەگەڵ حزبــی زۆرینەدان بۆ پێکهێنانــی حکومەت تۆ دەتوانیت رۆڵی خۆت بگێڕیت، واتا بە نەفەســێکی شــەریکایەتی ئەگەر هەبێت بە رای من ئاسانکاری زیاتر بۆ پێکهێنانی حکومەت دەکات، بۆیە پێموایە ئەگەر لە رووی سیاسییەوە چەند پێویســت بکات لە رووی سیاسییەوە حکومەتێکی نیشتمانی پێکبهێنرێت، بەڵام لە رووی حوکمڕانییەوە ئەوەندە سەخت و ئاڵۆز و رەنگە شکستیشی بەدوادا بێت، حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانی واتا حکومەتێکی کارای ئەکتیف نابێــت بە بەراورد لەگەڵ ئــەوەی ئەگەر حکومەتی دوو لایەن یان سێ لایەن پێکەوە حکومەتێك پێکبهێنن، وەك وتم لە حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانیدا لەوانەیە لە رووی سیاسییەوە خەڵکێك یان لایەنێك بیروبۆچوونێکی هەبێت کە پێــی باش بێت، بەڵام لــە رووی کردەییەوە ئەو حکومەتە ئەکتیف نابێت بە شــێوەیەك کە بە نموونە حزبی زۆرینە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بەشــداربوو بتوانێت بەرنامەی خۆی پیادە بکات..

**پارتی تەماشا دەکات بەرنامەی کێ نزیکترە لە بەرنامەی خۆیەوە، یان لەگەڵ کێ دەتوانێت باشتر هەماهەنگی بکات، بۆ ئەوەی ئەو حکومەتەی کە دروست دەبێت حکومەتێکی ئیفلیج نەبێت**

**هەرچی دەکەیت لە حکومەتی داهاتوو لە چوارچێوەی رازیبوونی حزبی زۆرینە و حزبە بەشداربووەکان دەتوانی بیکەیت، لە چوارچێوەی ئەو حزبانەی کە بەشدارن لە پرۆسە سیاسییەکەو لەگەڵ حزبی زۆرینەدان بۆ پێکهێنانی حکومەت تۆ دەتوانیت رۆڵی خۆت بگێڕیت، واتا بە نەفەسێکی شەریکایەتی**

## پێوەندیی نێوان سیاسەت (دەوڵەت، حزب) و ڕاگەیاندن

# ڕۆژهەڵاتی تۆتالیتار

٢



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

پەیوەندی نێوان حزب و راگەیاندن لەوەڕا دێت، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان داهێنەری دەزگاکانی راگەیاندن بووە و هەموو چەمکەکانی ناو راگەیاندنی بەشێوەی شۆڕشگێڕی داڕێژراون کە پەیوەندییان هەیە بە چارەنووسی وڵات و پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە لە کوردستان و پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت و سەربەخۆیی. هەموو ئەوانە دەبێ گوێڕایەڵی ئەو ئامرازە بن کە ئەو ئاواتانە دەهێنێتەدی، ئەویش حزبە. ئەوە وای کردووە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیرۆزییەکی زۆر بە حزب بدرێت. ئیستقرار دواکەوت و حزبی شۆڕشگێڕ مێژوویەکی دووردرێژیان هەیە، بوون بە کەلەپوور(توراسی )ی تایبەتی ئەندامەکانیان. ئەوە وادەکات راگەیاندن ئەرکی گەیاندنی پەیامی ئەو ئامرازە بێت کە پێی دەگوترێ تەنزیمی سیاسی، بیر و باوەڕ و شەخسیات و کاریزماکانی ناو ئامرازە سیاسییەش موقەدەسن. بۆیە ئەو کۆت و زنجیرەی باس دەکرێ، وادەکات بیرکردنەوەی باش و راگەیاندنی باش و نووسەری باش و بیرمەندی باش نەبێت. ئەوە دەردی کوردستان و هەموو ئەو وڵاتانەیە ژیانی سیاسی وەك ئێرەیان هەیە، ئەوە دەردی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

مافی حزبەکان بۆ هەبوونی دەزگاکانی راگەیاندن بەناوی خۆیان، تەنیا لە بەشێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێک وڵاتی دیکە هەر لە ئاسیا هەیە. لە ئەورووپا دەمێکە ئەو دیاردەیە کۆتایی هاتووە. چونکە کاتێك حزب حەقی دامەزراندنی دامودەزگای راگەیاندنی دەبێ، ئەو سیستەمە کەرت دەکات کە پێیدەگوترێ سیستەمی گەیاندنی زانیاری و بیرکردنەوە لەناو کۆمەڵگا. هەر حزبە بۆخۆی روانگای تایبەتی هەیە، بەرژەوەندی سیاسی تایبەتی هەیە، مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و بە هیچ شێوەیەك یەکگرتوویی لەسەر پەیامی راگەیاندن، بە ناوەرۆکی نیشتمانی دروست نابێت. کەش و هەوایەکی چالاك و زیندو بۆ بیرکردنەوە دروست نابێت، بۆیە نووسەریش دروست نابن. راگەیاندنی چالاك ئەوەیە کە زۆرترین نووسەری لەبواری جیاجیا وەك تۆڕ لە دەور بێت.

لە وڵاتانی وەکو ئێمە، خودی دەوڵەت و بزووتنەوەی سیاسی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵن، ئەمەش کەشێکی سیاسی گشتگیر (شمولی — تۆتالیتار) دروست دەکات کە بەهیچ شێوەیەك بۆ بیرکردنەوەیەکی جیاواز درزی تێدا نییە. قانوون لە بەرژەوەندی حزب دادەندرێت، لە بەرژەوەندی سەیتەرەکردنی دەوڵەت لەبەردەم گەیاندنی زانیاری دادەڕێژرێ. کاتێك قانوون داندرا، هەربۆخۆشی داب و نەریتەکە هەیە و تێیدا پەروەردە بووین، قانوونیش دێت هەمووی جێبەجێی دەکات. بۆیە دەبینین پێشکەوتن لەڕووی تەکنۆلۆژیاوە زۆرە بەڵام لە رووی کەفائەتەوە زۆر لەپاشە. ئەوە سوچی کەسێك یان سیاسەتمەدارێك یان حزبێك بەتەنیا نییە، ئەوە سرووشتی کۆمەڵگاکەی ئێمەیە، ئەوە تەبیعەتی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. نموونەی میسر و تونس و لیبیا هەروایە. تورکیا کە پێشکەوتووترین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هەنگاوێکی بەرەو دیموکراسی هاویشتووە، تەنیا لە ١٠ساڵی رابردوودا وردەوردە ئەو تەقلیدەیان شکاندووە. پێدەچێ تورکیا پێشەنگی ئەو گۆڕانکارییە بێت کە دەبێ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیکەن.

لەوەتای شەڕی جیهانیی دووەم تەواو بووە و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ سەپێندراوە بەسەر هەر کەسێك بیەوێ ئازادیخوازبێت، هەموو بزووتنەوەکانی سیاسی نکوڵیان نییە دان بە هەموو مافەکاندا بێنن. هەموو دەوڵەتانیش _تەنیا چەند

saro.qadir@gmail.com
www.seroqadir.com

دەوڵەتێکی خەلیج و سعودیەی لێ دەرچێ کە لەسەر هەندێك لە مافەکان تێبینیان هەیە_ ئەوەی دیکەیان هەموو بە نووسین لایەنگری ئەو مافانەن. بەڵام کە دێتە بواری جێبەجێ کردن، کاتێك تێکۆشان هەبێ بۆ ئەوەی ئازادی بیر و را لە قانووندا جێگیر بکرێ، قانوون دانی پێداهێناوە، کە دێیە سەر پەروەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی واقیعەکە پێچەوانەیە. دەتوانی لە چوارچێوەی حزبێك کە بڕوای بە ئازادی هەیە، بیر بکەیەوە بەڵام بۆت نییە کە هاتیە دەرێ، چیدی بیر بکەیتەوە. چونکە تاك هیچ نییە. میکانیزمێک نییە وەك فەردێك لەناو کۆمەڵگا قسە بکات و دەنگی ناڕوا و وەرناگیرێ. دەنگی تاك ئەو کۆدانە ناکاتەوە کە عەقڵیەتی کۆمەڵگا وەریدەگرێ. دان بە ئازادی بیر و را و ئازادی راگەیاندن نراوە، بەڵام کە دێتە سەر کردەوە، تەقسیم کراوە: قانوونی حزب، حزب واتە کەرت کەرت بیر دەکەنەوە. بەرژەوەندی حزبان هەموو رۆژێ لە ئاڵوگۆڕدایە، هاوپەیمانی دەکەن، کەسایەتییەکان دەوردەبینن، وەك ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە. ئەمڕۆ لە سەنگەردان و لێك دەدەن، سبەینێ هێندە بەقووەت یەکتر ماچ دەکەن، کابرای رۆژنامەنووس شەرم دایدەگرێ و دەڵێ وەڵڵاهی ئەمن دوێنێ زۆر پیاوێکی خەتاکاربووم، تەماشای ئەو ماچە زلانە و ئەو شەڕەی بەمنیان دەکرد، تێکناکاتەوە!! تۆ بڵێی یان نا، رەفتاری مرۆڤ جاریوا هەیە لە یەك حەرەکە و یەك قسە، لە یەك وتار کاریگەری زۆری بەسەر پەروەردە و قووەتی مرۆڤ دەبێ کە لەناخەوە هەیەتی. هەربۆیە گەورەترین ئازادیخواز خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نین، ئەو پیاوە گەورانەی کەوا بەشەریەت شانازییان پێوە بکات، بە دەگمەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبیندرێن و بە پەنجە دەژمیردرێن. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست حەوشەی تێکشکاندنی ئینسانە، هەتاکو ئێستاش لەو کۆزەدا میللەتان ئیبادە دەکرێن، دەچەوسێنەوە، لە رووی تەربیەشەوە بەبێ ئازاری جەستەیی، ئینسان تێکدەهاڕدرێ. ئینسانی موسەیەر(لێخوراو) و گوێڕایەڵ و خوڕافی و خۆبەکوشتدەر دروست دەکرێت.

ئەگەر دیفاعەکانی عەلی حەسەن مەجید وەربگرن، دەبینن ئەو کابرایە پیاوێکی ئاسایی کۆمەڵگای سیاسی عەرەبییە. زۆر بە ئاسانی دەڵێ حزب بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی نەتەوەی عەرەب، منیان راسپارد تا کورد جینۆساید بکەم. کاتێك لە هەموو رووەکانەوە دیراسەی دەکەی، تەنیا دەگەینە یەك نەتیجە، ئەویش مەنتقی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یەکێك بۆ سیاسەت پەروەردە دەکات، ئەگەر بەم مەسیرەدا بڕوات، دەبێ چاوەڕێ بین ئەو کەسە تاوانکارانە دروست ببن. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا ئەوانە دروست ببن، لەوانەیە هەر یەك لە دانیشتوانی وڵات وای لێبێت، ئەمە حەقیقەتی عیلمییە. بۆیە لە تەجرەبەی مرۆڤایەتیدا، ئازادی بیر و را و ئازادی راگەیاندن گرنگە. ئەگینا شتێك بەناوی راگەیاندنی ئازاد نییە. چونکە ناکرێ رۆژنامەیەك ئازاد بێت لەبەر ئەوەی سەرنووسەرەکەی زۆر لەخۆ بردووە، زۆر نەترسە! ئازادی لە سیستەمدا دابین دەکرێ نەك لە رەفتاری پاڵەوانانەی کەسێك. ئیبراهیمی نەبەوی نووسەرێکی بەناوبانگی ئێرانە. تەنزنووسێکی سیاسییە، کاتێك کۆماری ئیسلامی گرتی، یەکسەر هێنایانە سەر تەلەفزیۆن، دەیگووت: من سەهیۆنیمە و بەکرێگیراوی ئەمریکامە و جاسوس بووم. ئەوەی دەمنووسی هەمووی پارەم وەردەگرت. پرسیار ئەوەیە: مەعقولە ئەو نووسەرە شەریف و رەخنەگرە، ئەم ئینسانە بەکرێگیراوە بووبێت؟ کاتێك بەریاندا، یەکسەر بۆ دەرەوە رایکرد. باسی ئەشکەنجەکانی جەستەیی و دەروونی خۆی دەکات، دەڵێ: ئێستاش بمگرنەوە، جارێکی دیکە بادەدەمەوە و هەمان قسان دەکەمەوە. نابێ داوا لە نووسەر بکرێ بەری شەق بگرێ. لە دنیادا موفەکیر نییە بەری لێدان و برسیەتی بگرێ.

لە تیۆرییە ماندەنییەکانی مارکس ئەوەیە کە دەڵێ: ئەوکاتەی مرۆڤ زەختی ئابووری لەسەر نامێنێ، ئەوکات داخیلی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت و ئەوکات دەتوانێ زۆر بیربکاتەوە و ئەوکاتەیە کە قودرەتی فیکر و دەست دەگەنە یەك ئاست. ئەمەیە کە ئەمڕۆ لە دنیادا پێشکەوتنی عیلمی سەلماندویەتی.

هەمان قسە مەسعود محەمەد بەشێوەیەکی تر دەیکاتەوە. ئەو، تاکە پیاوی کۆمەڵگای ئێمەیە لە موناقەشەی فکری بەردەوامدابوو لەگەڵ ئەم فکرەی ئێستا کە ئێمە باسی دەکەین. مەسعود محەمەد دەڵێ؛ جووتیار و پاڵە و رەنجبەری کوردستان لای منیش عەزیزن و حەزدەکەم خۆشترین ژیانیان هەبێت و لەو قۆناغە دەرچن، بەس پیاوی شان بەتۆز، نە خوێندەواری هەیە، نە وەختی هەیە بیربکاتەوە. ئەوە ئەریستۆکراتەکانن بیر دەکەنەوە، دائیمەن بیرکردنەوە لەسەر دەستی بەگزادەکان بووە_ بەگزادە بەمانای کوردەواری نا، بە مانای ئەریستۆکرات_ ئەو قسەیە راستە. بۆیە چەمکی راگەیاندنی ئازاد هەڵەیە، بیدعەیەکە لە بیدعەکانی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان. ئەمە ئیمتیدادی فابریکەی ئایدیۆلۆژییە کە لە ئەساسدا بزووتنەوەی شیوعی و فکری شیوعی لە وڵاتانی ئیشتراکی هێنایان. لەسەر ئەو بنەما ئایدیۆلۆجییانە، هەر حزبێك دەبێ تیئۆرسیەن و فەیلەسوفی خۆی هەبێ. بۆیە دەبینی لە ناو هەندێك معارەزەی ئێمەدا کەسانێکیان زۆر هەڵداوە و بەرزیانکردوونەوە. فڵانی گوتی فڵانی گوتی. ئەو فڵانی گووتیە هیچ نییە، لە ئەساسدا عەینی وەکو وەزیرێکی ئێمە دایانناوە، ئەگەر لایببەن، فڵانی گووتی نامێنێت. چەمکی رۆژنامەی ئازاد و تەلەفزیۆنی ئازادیش لەو بارەوەیە.

هەر کاتێك لە وڵاتدا پرۆسەی پێشکەوتن بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەڕێوەبچێت، حکوومەت دەوری خۆی ببینێت لە پشتیوانی کردنی دامەزراندنی دەزگاکانی راگەیاندن، بە پێی خسوسیاتی هەر وڵاتێك، باشترین موئەسەساتی راگەیاندن دروست دەبن. ئەوکات حزب دەستی خۆی لە دامەزراندنی دامودەزگای راگەیاندن دەکێشێتەوە و هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی قانووندا، موئەسەسات بکرێ. حزب بۆی هەیە زۆرترین موئەسەساتی راگەیاندن بکرێ، ئەوکات رۆژنامەنووس و داهێنەری وڵات کە دەچن لەو موئەسەسەیە ئیش بکەن، بەڵام لە حزبەکەدا نابن(یان لەوانەیە حزبیش بن) لە چوارچێوەی قانووندا کار دەکەن، ملکەچ دەبن بۆ قانوون. لە تورکیای ئێستا کەمێك بەرەو ئەوە خەریکە هەنگاو داوێن.

لە وڵاتی ئێمەدا جارێ زۆر زەحمەتە حزبەکان دەست لە راگەیاندن بکێشنەوە، ئەگەر کێشایانەوە بەدیل نییە. ئەمە قۆناغێکە کە ئێمە تێیداین، بە پەلەپەل ناکرێ، بەڵام بەومانایەش نییە کە پرۆسەی چاکسازیکردنی بواری راگەیاندن و رۆشنبیری هەڵنەگرێ. لە هیچ وڵاتێکدا ئیستقرار بەیەك هەنگاو دروست نابێ، بۆ گەیشتن بە قۆناغێکی موعەیەنی تەکامولی کۆمەڵایەتی، پێویستە قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو بە هەنگاو بڕوات. موشکیلە ئەوەیە لە کوردستان ئەو هەنگاوانە لە بواری رۆشنبیری و راگەیاندندا ناهاوێن.

**کاتێک حزب حەقی دامەزراندنی دامودەزگای راگەیاندنی دەبێ، ئەو سیستەمە کەرت دەکات کە پێیدەگوترێ سیستەمی گەیاندنی زانیاری و بیرکردنەوە لەناو کۆمەڵگا**

**لە تەجرەبەی مرۆڤایەتیدا، ئازادی بیر و را و ئازادی راگەیاندن گرنگە. ئەگینا شتێک بەناوی راگەیاندنی ئازاد نییە**



## پرۆفیسۆر کریستۆفەر زۆرن بۆ گوڵان:

# چەند سیستمی ئابووری بەهێز بێت هێندە سەرکەوتوانەتر قۆناخی راگواستن تێدەپەڕێت و دیموکراتی بونیاد دەنرێت

**پرۆفیسـۆر کریسـتۆفەر زۆرن ئوستادی زانستی سیاسەت و سیسـیۆلۆژییە لە زانکۆی پەنسـلڤانیا و تایبەتمەندە لەسـەر بواری پەرەپێدانی دیموکراتی و سیاسەتی دادپەروەری، بۆ قسـەکردن لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەو ئاستەنگانەی لە قۆناخی راگواستن رووبەڕووی پرۆسەی دیموکراتی دەبنەوە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزیان کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** دیموکراسی وەك باشترین مۆدێلی حکومرانی لە جیهاندا وەسفکراوە، بەڵام پەرەپێدانی دیموکراسی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا قورسە، بە بۆچوونی ئێوە بۆچی پرۆسـەی بە دیموکراتیکردن لە وڵاتانی جیهانی سێدا ئەوەندە زەحمەتە؟**

- پێموایە چەندین هۆکار هەن لەوانە، یەکەمیان ئەوەیە گەشەسەندنی ئابووری و بە دیموکراتیزەکردنی سیاسی شان بەشانی یەکتر دەڕۆن، یەکێك لەو شتانەی زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بەدەستیەوە گرفتارن، بریتییە لە گەشـەپێدانی سیستمی ئابووری. زۆرێك لە توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخسـتووە کە تاوەکو سیسـتمی ئابووریی بەهێزتـر بێت، ئەوا سـەرکەوتوانەتر قۆناغی ئینتیقالی دەبڕن، ئەو وڵاتانەی گەشـەیەکی لاوازی ئابووریان هەیە، یاخود هەژاریەکی زۆر و حاڵەتی هاوشـێوەی دیکەیان هەیە، رووبەڕووی سـەختی و دژواری دەبنەوە لەوەی ببنە سیستمێکی سیاسی دیموکراتی.

*** خەڵکانی وڵاتـە تازەگەشـەکردووەکان پێیانوایـە پەرەپێدانی دیموکراسی پێویستی بە ژێرخانی کەلتوری هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت هەنگاو بەرەو دیموکراسی بنرێت لە نێو خەڵکدا، شارەزایان پێیانوایە دەبێت رۆشـنبیران رۆڵێکی گرنگ ببینن لە پەرەپێدانی کەلتوری دیموکراسـی لە کۆمەڵگـەدا بۆ ئەوەی خەڵکی لە دیموکراسـی تێبگەن و لەگەڵیدا هەڵبکەن، ئایا رۆڵی رۆشنبیران چییە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا لە قۆناغی ئینتیقالیدا؟**

- پێموایە رۆشـنبیران و خەڵکانی خاوەن فیکر دوو رۆڵی گرنگ دەبینن، یەکەمیان ئەوەیە ئەوان نموونەیەك پێشکەش دەکەن، دەتوانن قسە لەبارەی هەنگاونان بەرەو سیستمێکی دیموکراتی بکەن، و ببنە پێشـەنگ لەڕووی دیاریکردنی ئەو بەهایانەی دەبنەهۆی ئەوەی هەنگاو بەرەو ئەو سیستمە هەڵبگیرێت، و نموونەی ئەو تاکەکەسانە پێشکەش بکەن کە دەکرێت سەرکەوتوو بن لەو جۆرە سیستمەدا. بۆ ئەو ئامانجە من بیر لەو کەسانە دەکەمەوە کە کار لە بواری بزنس، هەروەها کار لە بواری پـەروەردە و راگەیاندن دەکەن و لە مینبەرە گشـتیەکاندا کە دەکەونە دەرەوەی سنووری حکومەتەوە، بۆ ئەوەی پشتیوانی ئەو بکەن. خاڵی دووەم، کە گرنگە، ئەوەیە رۆشنبیران بە شـێوەیەکی بنەڕەتی پابەندبن بە ئەنجامەوە. یەکێك لەو شتانەی لە دیموکراسـیدا روودەدات، ئەوەیە کە هەمیشە تۆ براوە نابیت، بەڵکو براوە و دۆڕاو هەیە، و دەبێت لایەنی دۆڕاو ئەو راسـتیە قبوڵبکات کە دۆڕاون و لە دەرەوەی دەسـەڵاتدان، بەڵام دەرفەتی ئەوەیان هەیە جارێکـی دیکە هەوڵبدەن و دەتوانن گۆڕانکاری بکەن و بێنەوە نێو دەسـەڵات. بە پێچەوانەوە ئەوانەی بـراوەن دەبێت لەوە تێبگەن کە ئەوان پابەندن بە سیستمێکەوە کە راستە ئەوان لە دەسەڵاتدان، بەڵام دەبێت ئامادەبن دووبارە هەڵبژاردن بکرێتەوە و سەرکێشی لەدەستدانی دەسەڵاتیش بکەن. پێم وایە مەسەلەی گرنگ بەلای رۆشنبیرانەوە ئەوەیە هەڵوێسـتێك وەربگرن بیسـەلمێنن کە ئامـادەی ئەوەن لە سایەی هەل و مەرجێکی لەم چەشنەدا بژین. و کاتێك سەرکردەیەك هەڵبژاردن دەدۆڕێنێت دەسـتبەرداری دەسەڵات بێت و بیداتە دەست ئۆپۆزسـیۆن و کاتێکیش ئۆپۆزسیۆنیش دێتەسـەر دەسەڵات ئەو راسـتیەی لەبەرچاو بێت کە ماوەی دەسـەڵاتەکەی سـنوردارە و دەبێـت لە داهاتوودا هەڵبژاردن بکەنـەوە و ئەگەر هاتوو دوچاری دۆڕان بوون، ئەوا دەبێت ئامادەی ئەوەبن دەسـتبەرداری دەسەڵات بن، گەوهەری سیستمی دیموکراتی ئەوەیە کاتێك کەسانێك دەچنە دەسەڵاتەوە دەسـەڵات جێدەهێڵن دەزانن دەسەڵاتدارێتی هەمیشەیی نییە، ئەمەش بەڕاسـتی گرنگە بۆ ئـەوەی خەڵکی بە ئەنجامی سیسـتمە دیموکراتیەکـە رازی بن، کە ئەگـەر وانەبوایە قبوڵیان

نەدەکردن. بە زۆری رۆشـــنبیران دەتوانن پێشـــەنگ بن لە رووی پیشـــاندانی ئەو ئیرادە و ئامادەییەوە، کە ئـــەو ئەنجامە قبوڵبکەن کە ئەگـــەر وانەبوایە پێی رازی نەدەبوون، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە سیستمەکە هەیە و پێیانوایە بواری ئەوەیان دەدات دووبارە رکابەری بکەنەوە.

*** راگەیاندن رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەرزکردنەوەی ئاســتی هۆشـــیاری خەڵك، بەڵام راگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پیشەوەرانە کارناکەن و ئەو رۆڵە نابینن کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت، پرســـیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت راگەیاندن پیشەوەرانە کاربکات بۆ ئەوەی خزمەت بە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن بکات؟**

- مەسەلەی ســـەرەکی لە راگەیاندندا ئەوەیە سەرچاوەی جیاوازت هەبێـــت، لـــە زۆرێك لە وڵاتە پیشەســـازیەکان، یان دیموکراســـیە جێگیرەکانـــدا، ئـــەو راگەیاندنـــە هەیە کـــە لەلایـــەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبردرێت، و رۆڵێـــك هەیە کە ئەم جۆرە راگەیاندنە دەتوانێت بیبینێت، هەروەها کۆمپانیا یان دەزگای راگەیاندنی تایبەت هەیە کـــە هەندێکیان تەبەنی تێڕوانینێکی سیاســـی دیاریکراو دەکەن، و ئەوانی دیکەش هەوڵدەدەن کەمتر سیاســـی و زیاتر هاوســـەنگ. هەروەهـــا دامـــەزراوەی تایبـــەت و رێکخراوەی قازانج نەویســـت هـــەن کە لە بـــواری راگەیاندندا کاردەکەن، هەروەها ســـەرچاوەی نێودەوڵەتیش هەن، مەبەســـتم لە دەزگاکانی وەك بی بی سی، یان کریســـتیان ســـاینس مۆنیتەر، یاخود ئەلجەزیرە، کە دەزگاگەلێکن کە مەودای ســـنورە نەتەوەییـــەکان دەبڕن. هەموو ئەم ســـەرچاوە جیاوازانـــە بەرژەوەندی و پاڵنەری جیاوازیـــان هەیە بۆ ئەو جۆرە راگەیاندنـــەی بەرهەمی دەهێنن. هەر یەکەیان بە تەنها بەس نییە، بـــۆ نموونە ئەگەر تەنها راگەیاندنی دەوڵەتـــت هەبێت، ئەوا تەنها تێڕوانێنێکی دیاریکـــراوت دەبێت لەبارەی ئەوەی روودەدات، ئەگەر تەنهـــا راگەیاندنی تایبەتت هەبێت، ئەوا تێڕوانینێکی بەرتەســـك دەخرێتەڕوو و بە زۆری تێڕوانینێکی لایەنگرانە دەبینێت بۆ ئەوەی کە روودەدات، کەواتە مەســـەلەی ســـەرەکی لەوەی راگەیاندنەکان رۆڵی بڵاوکردنەوەی زانیاری ببینێت کە پێویســـتە ببینێت، ئەوەیە- ئەوەندەی مومکینە- سەرچاوەی جیاوازی راگەیاندنت هەبێت. واتە خەڵکی لە چەندین ســـەرچاوەوە زانیاریان پێبگات. ئەمەش زیاتر و زیاتر مومکین دەبێت، ئەویـــش بەهۆی تەکنەلۆجیای ئەنتەرنێتەوە و تەکنەلۆجیای ســـێڵ فۆنەوە و خەڵکی لە رێگای زۆر جیاوازەوە زانیاریان لە راگەیاندنەکانەوە پێدەگات، زیاتر لەوەی لە بیست ساڵی رابردوودا پێیان دەگەیشت.

*** پارتە سیاســـییەکان بە ستوونی ســـەرەکی پرۆسەی دیموکراتی دادەنرێـــن، کە رۆڵـــی نوێنەرایەتـــی و دروســـتکردنی رکابەری سیاســـی دەبینن لە پرۆســـەی دیموکراتیدا، لـــە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشـــەکردووەکاندا پارتە سیاســـییەکان رۆڵـــی خۆیان نابینن، ئایـــا تا چ رادەیەك بوونی کەم و کوڕی لە پارتە سیاســـییەکاندا لـــە پەیوەندیدا بـــەو رۆڵەی لێیان چـــاوەڕوان دەکرێت، دەبێتەهۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر پرۆسەی بە دیموکراتیکردن؟**

- پێموایە دەکرێت ئەوە رووبدات، ئەوەی ئێوە دەیڵێن راســـتە، دەکرێت ئەوەی مایەی کێشە بێت... بە زۆری هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو وڵاتانەی لەسەرەتای پرۆســـەی بە دیموکراتیکردندان، واتە لەسەرەتای ئەوەدان سیستمێکی هەڵبژاردن و سیستمێکی دیموکراتیان هەبێت، لە دەوری ئـــەو رێکخراوانە یان گرووپانە رێکدەخرێن کە لە سیســـتمی پێشوودا بایەخیان هەبوو، دەکرێت ئەوەش تەرکیزکردن بێت لەسەر ناوچەیەك، یان گرووپێکی ئیتنی یاخود ئایینێك، بەڵام جۆرە جیاوازەکانی گرووپەکان کە مەیلی پێکهێنانی پارتە سیاسییەکانیان هەیـــە ئەوەیە لە دەوری ئەو دابەشـــبوونانە دروســـت دەبن کە هەن. ئـــەوەی جێی داخە یەکێك لەو کارانـــەی دەیکەن ئەوەیە زۆرێك لەو دابەشـــبوونانە دەهێننە نێو سیستمە سیاسییە نوێیەکەوە و بەردەوامی پێـــدەدەن. تەحەددیە گەورەکەی بەردەم ئـــەو وڵاتانەی تازە پێدەنێنە دیموکراسیەوە، ئەوەیە پرۆسەی پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان خێراتر بکەن کە ســـنوورە بچووکەکان دەبڕن و تەرکیز لەسەر شتێك بکەن کە پتر لە رووی سیاســـییەوە پەیوەندیدار بێت بە بەراورد بە سیســـتمی پێشوو. یەکێك لەو شـــتانەی پارتە سیاسیەکان مەیلیان بۆی هەیە، بەتایبەتی لـــە وڵاتە گەورەکاندا، ئەوەیە بایـــەخ بە ناوچەیەك یان هەرێمێکـــی دیاریکراو بـــدەن، ئەمە لە وڵاتێکی وەك هیندســـتاندا راست بوو، کە هەمەچەشنیەکی زۆری تێدایە و چەندین گرووپ و چەندین شوێنی جیاواز هەیە لە وڵاتەکەدا، بۆ ماوەیەکی دووردرێژ پارتە سیاســـییەکان لە هیندســـتاندا، زیاتر تەرکیزێکی جوگرافیان هەبـــوو، و کاریان بۆ ئەوە دەکرد خەڵکی ئـــەو ناوچەیە جۆرێك لە نوێنەرایەتیان هەبێت لە حکومەتدا. بەڵام توانرا بەسەر ئەوەدا زاڵبن، ئەو پارتانە دروســـت بوون کە سنوری ناوچەکان دەبڕن، لە هیندستان «congress party» هەبـــوو کە پارتێکـــی بەربڵاوتر بوو، کە نوێنەرایەتی لە سەرتاســـەری وڵاتەکەدا هەیە. دەکرێت ئەو شـــتانە زۆر ئیجابـــی بکەونەوە، کە وا دەکات سیاســـەت و نوێنەرایەتیەکی سیاسی وابگیرێتەبەر کە لە سەرچاوەی دابەشبوونەوە- کە لە رووی مێژووییەوە کۆمەڵگەی دابەشکردووە، ئیتر دەکرێت.....ناوچەیی بن یان چینایەتی یان ئایینی، یان هەر شتێکی جیاوازی دیکە-، ئەمە تەحەددیەکی ســـەختە، و یەکێك لەو شـــتانەی دەکرێت هاوکاربێت، بریتییە لە پەرەپێدانی سیستمێکی هەڵبژاردن.

*** ئایا تا چەند بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گرنگە بۆ کۆمەڵگەیەك لە قۆناغی راگوزەریدا بێت؟**


- ئەوەی پرســـیارێکی جێی سەرنجە و پێموایە بوونیان زۆر گرنگە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە سروشـــتی ئەو گرنگیە چیە، ئێمە دەبینین لە ژمارەیـــەك لە وڵاتانـــدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی هاوکاری وڵاتەکە بوونە لە چەســـپاندنی سیستمێکی دیموکراتی و هاوکاریکردنی خەڵك لەوەی شـــەرعیەتی دەرئەنجامە دیموکراتیەکە قبوڵ بکەن و یارمەتی پەرەپێدانی ئەو پارتە سیاســـییانە بکەن کە پشـــتیوانی پرسگەلێکی لەو شـــێوەیە دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەو رێکخراوانـــەی کۆمەڵگەی مەدەنیش هەن کە مەرج نییە هاوکاربن، کە بە هۆی سروشتیانەوە تەبانین لەگەڵ سیستمی دیموکراتیدا و لە راستیدا دەکرێت کێشە بۆ سیستمە دیموکراتیەکە دروست بکەن، لێرەدا رەنگە بیـــر لە هەندێ رێکخراوی تەقیلـــدی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەمەوە کە رەگ و ریشـــەیان لەو بیرۆکەیـــەدا هەیە کە گرووپی جیـــاواز هەن لە کۆمەڵگەدا کە پێگـــەی جیاوازیان هەیە، بەڵام لە دیموکراسیدا تێگەیشتنێك هەیە کە بەلای کەمەوە کاتێك باس دێتەسەر بەشداریکردن لە سیستمە سیاسییەکەدا، ئەوەیە دەبێت سەرجەم خەڵك بەشـــداری بکەن، واتە پێویست بە بەشداریەکی بەرفراوان دەکات لە حکومەتدا و بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن لە حکومەتدا، کەواتە تا ئەو رادەیەی رێکخراوەگەلێکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبن کـــە ئایدیاکانیان و ئەرکەکانیان ناتەبایە لەگەڵ ئەمەدا، ئەوا لە راستیدا بۆی هەیە مایەی کێشە بن، کەواتە لایەنـــی ئیجابی هەیە، هەروەها دەکرێت لایەنی ســـلبیش هەبێت لە بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، و لە راستیدا زۆرێك لە مەسەلەکە دەوەستێتەسەر خودی رێکخراوەکە خۆی.

**ئەو وڵاتانەی گەشەیەکی لاوازی ئابووریان هەیە، یاخود هەژاریەکی زۆر و حاڵەتی هاوشێوەی دیکەیان هەیە، رووبەڕووی سەختی و دژوای دەبنەوە لەوەی ببنە سیستمێکی سیاسی دیموکراتی**

**گەوهەری سیستمی دیموکراتی ئەوەیە کاتێک کەسانێک دەچنە دەسەڵاتەوە دەسەڵات جێدەهێڵن دەزانن دەسەڵاتداریتی هەمیشەیی نییە، ئەمەش بەڕاستی گرنگە بۆ ئەوەی خەڵکی بە ئەنجامی سیستمە دیموکراتیەکە رازی بن**

**ئەگەر تەنها راگەیاندنی دەوڵەتت هەبێت، ئەوا تەنها تێڕوانێنێکی دیاریکراوت دەبێت لەبارەی ئەوەی روودەدات، ئەگەر تەنها راگەیاندنی تایبەتت هەبێت، ئەوا تێڕوانینێکی بەرتەسک دەخرێتەڕوو و بە زۆری تێڕوانینێکی لایەنگرانە دەبینێت بۆ ئەوەی کە روودەدات**

# دۆستایەتی دەروازەیەکە بۆ پێکەوەژیان



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

لەبەر زۆر فاکتەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری وامان بەسەرهاتووە کە دۆستایەتیمان وەك دیاردەیەکی تاکگەرایی بێتە پێش چاو، یان دوور لە جەنجاڵییەکانی جیهانی دەرەکی وەك پێوەندی گەرموگوڕی نێوان کەسانێك دۆستانە بە رووی یەکتریدا دەکرێنەوە، ئەمە ئەو بوارەیە کە برادەران بۆ خۆیانی تەرخان دەکەن، بوارەکە تەنیا لە نێوان خودی تاکەکان نەبێت دروست نابێت، بەڵکو ئەمە تەنانەت مەیدانی هاوبارگەبوونی نێوان زاتە تایبەتمەندەکان دەسەلمێنێت..

تێگەیشتنێکی لەم شێوەیە بۆ دۆستایەتی زۆر گونجاوە، وەك حەننا ئارندت لە لێکدانەوەیەکدا روونی دەکاتەوەو پێیوایە، رێکاو رێك گونجاوە بەو لە بێخەوە دەرکێشانەی تاکی هاوچەرخ تێیدا دەژی((کە هەرگیز پێی ناکرێت مافی دۆزینەوە کەشف بکات ئەگەر لە کەشوهەوای گشتی خۆی بەدوور نەگرێت))، ئیتر بە بارتەقای هەموو تواناکانی سەرقاڵ دەبێت بە زاتی خۆیەوەو بە پشتکردنە ئەوانیتریش بوونی خۆی دەسەلمێنێت، کەواتە مرۆیی بوونی خۆی لە مەنەلۆگدا دەبینێتەوە، مرۆییبوون لە دیالۆگدا نادۆزێتەوە.

ئەم چییەتیەی دۆستایەتی پێوە دەژێت، هەندێك لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی واتای فەیلەسووفێکی وەك ئەرستۆ بە دوورە، کە وەك فەیلەسووفێك ئینتیمای بۆ ئەم سەردەمە نییە، ئەرستۆ دەڵێت برادەرایەتی و دۆستایەتی لە نێوان هاووڵاتیاندا یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتیەکانی بونیادنانی ژیانی فەزیلەت لەناو شاردا، هەر زوو بە خێرایی وتەزاکەی ئەرستۆ لە بەرژەوەندیی روانینمان بۆ چەمکی دۆستایەتی راڤە دەکەینەوە، ئەوکات مەیلمان بۆ دەچێت لەوەی بکەوینە سەر ئەو بڕوایەی کە فەیلەسووفانی چاخە کۆنەکان بەو وتەزایانەوە کاریان پێ ناکرێت، تا نەگەنە ئەو ئاستەی گوێیان قوڵاغ بن بۆ بانگەوازی خۆلادان لە ململانێی نێوان تاکەکان و نزیکبوونەوەیان لە یەکتری، یان بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەر شتێك کە ئەگەری تێکدانی پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی هەبێت، لە راستیشدا ئێمە هەمیشە لە هەوڵداین تا مانایەکی مۆڕاڵییانە بۆ دۆستایەتی و فیلیایی بدۆزینەوە، ئەخلاقمان وەك داب دەستنیشان کردووە، بەو حیسابەی بەهایەکی تایبەتی هەیە لەبەرامبەر سیاسەت کە سیاسەت بەهای گشتی لە دوایە.

حەننا ئارندت روونیکردۆتەوە کە ئەم جیاکارییەی نێوان مۆڕاڵ و سیاسەت، یان ئەم روانینە بۆ مرۆڤ بەوەی تایبەتمەندێتی پێ ناسەلمێنرێت تا دوور نەخرێتەوە لە بەهای گشتی، یان ئەم تێگەیشتنە بۆ دۆستایەتی وەك سەرقاڵبوونێکی شەخسی، ئەمانە هەموویان تێرکردنی روانینی مەیلی تاکگەرایین، لەسەر ئەو داخورانە دەژین کە چەمکی مۆدێرنەی مرۆڤایەتی بنکۆڵ دەکات، چونکە چییەتی دۆستایەتی و چییەتی فیلیایی وەرمان



**یۆنانیەکان لەو بڕوایەدا بوون کە ئاڵوگۆڕکێی ئاخاوتن، یان دیالۆگی بەردەوامی یەک لەسەر یەکتر، گەواهییە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ناو شار کۆبکاتەوەو یەکیان بخات، لە دیالۆگدا بایەخی بنەڕەتی سیاسیانەی دۆستایەتی بەرجەستە دەبێت و رووە مرۆڤایەتییەکەی بە دیار دەکەوێت**

**ئاڵوگۆڕکردنی ئاخاوتن لە نێوان کەسانی ئازادیخوازو سەرقاڵبوونیان بە گەنگەشەو و گوتارەکانی کێبڕکێ کردنەوە وا لە خەڵکی دەکات کۆمەڵگەیەک پێک بێنن کە هاووڵاتیان لە شاردا کۆبکاتەوە**

**نابێت بکەوینە دوای ئەو بڕوایەو وابزانین کە تەنیا لە نێوان دۆستەکاندا بیروڕاکانی یەکگرتن دروست دەبێت، یان ئەوانەی بە هەمان زمانی یەکتر ئاخاوتن دەکەن، وەک بڵێی هاوزمانی یەکترین و، هەمان فکر کۆیان بکاتەوە**

ناچەرخێنێت بۆ ئەوەی ببینە کەسانێك کە سەرقاڵ بین بە زاتی خۆمانەوە هێندەی ئەوەی فرێمان دەداتە ناو شارەوە، ئەم چییەتییەی دۆستایەتی لە دیالۆگەوە نزیکە، دیالۆگێك لە ناو گوتاردا، یۆنانیەکان لەو بڕوایەدا بوون کە ئاڵوگۆڕکێی ئاخاوتن، یان دیالۆگی بەردەوامی یەك لەسەر یەکتر، گەواهییە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ناو شار کۆبکاتەوەو یەکیان بخات، لە دیالۆگدا بایەخی بنەڕەتی سیاسیانەی دۆستایەتی بەرجەستە دەبێت و رووە مرۆڤایەتییەکەی بە دیار دەکەوێت.
گریکەکان لەو بڕوایەدا بوون کە جیهان بە مرۆڤایەتی ناکرێت تا دیالۆگ نەبێتە بابەت و گەنگەشەیەکی گشتی، ئەوەش حەننا ئارندت جەختی لەسەر کردۆتەوە کە چەندی کاریگەری شتەکانی جیهان بەسەر مرۆڤایەتییەوە هەبێت، نابنە بایەخێکی مرۆڤانە، ئەگەر بێت و بۆ خۆیان نەبنە بابەتێك بۆ دەمەتەقێی نێوان کەسەکان، تەنیا لە دیالۆگدا بابەتی مرۆڤایەتی دەبێتە بابەتێکی گشتی، بەبێ دیالۆگ مرۆڤایەتی هەبوونی بابەتیانەی تیادا نامێنێت.
نابێت بکەوینە دوای ئەو بڕوایەش و وابزانین کە تەنیا لە نێوان دۆستەکاندا بیروڕاکانی یەکگرتن دروست دەبێت، یان ئەوانەی بە هەمان زمانی یەکتر ئاخاوتن دەکەن وەك بڵێی هاوزمانی یەکتربن، هەمان فکر کۆیان بکاتەوە، لەوانەیە زمانێکی یەکگرتوو یان پۆست زمانێکی یەکگرتوو هەمان یەکگرتوویی لە بیرکردنەوەدا بونیاد نەنێت و هەمان زەمینەی هاوبەشیان پێکەوە نەبێت، رەنگە کۆدەنگیش نەبن، ئەوەشمان لە یاد نەچێت دۆخی گشتی کۆمەڵگەی گریك لە بنەڕەتەوە سیمایەکی کێبڕکێکارو پێشبڕکێخوازو ئۆڵەمپی واز بوون، بۆیە دۆلۆز مکوڕە لەسەر خستنەڕووی ئەو واتایانە کاتێك لە هەوڵدایە تا مانای فیلیایی و دۆستایەتی لە زاراوەی فەلسەفەدا دیاری بکات، فەیلەسوف دۆستی حیکمەتە، ئەو کەسەیە کە ئەهلیەتی حیکمەت دەسەلمێنێت، واتا فەیلەسوف دۆستی حیکمەتەو مافی بەسەر حیکمەتەوە هەیە، بە خێرایی هەوڵەکانی کۆدەکاتەوە تا بچێتە کێبڕکێوە لەگەڵ هاوشانەکانی خۆی کە بۆ وەدەستکەوتنی ئەو ئەهلەتە لە کاردان، ئەم کارەش لە ناو کۆمەڵگەیەك مەیسەر دەبێت کە کێبڕکێ لە نێوان خەڵکانی ئازادیخوازدا هەبن بۆ هەموو بوارەکان.
کەواتە ئاڵوگۆڕکردنی ئاخاوتن لە نێوان کەسانی ئازادیخوازو سەرقاڵبوونیان بە گەنگەشەو و گوتارەکانی کێبڕکێ کردن وا لەو کۆمەڵ دەکات کۆمەڵگەیەك پێك بێنن کە هاووڵاتیان لە شاردا کۆبکاتەوە، ئەمە ئەو مانایەیە کە ئەرستۆ مەبەستی بوو کاتێك دەیووت دۆستایەتی لە نێوان هاووڵاتیان یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ بونیادنانی ژیانی فەزیلەت لە ناو شاردا.
کەواتە ئێمە گەلێك دووریـن لە دۆستایەتییەك وەك ئاشکراکردنێکی گەرموگوڕی نێوان تاکەکانی کە بۆ خاڵی پێککگەیشتن دەگەڕێن، خاڵێك کە نەفسە تاکەکان بۆ زاتی خۆیان دەگەڕێن و ناواخنی خۆیان دەدۆزنەوە، بەڵام دیالۆگ بریتی نییە لە ناواخنەکان و مەیدانێکی تایبەتمەند نییە بەڵکو مەیدانێکە بۆ بواری گشتی، ئەو بوارەیە کە رەهەندێکی مرۆیی وەرناگرێت تا کەسانی ئازادیخواز لەسەری نەکەونە گفتوگۆو بۆی نەکەونە کێبڕکێ و بە بەهانەکانیان دەوڵەمەندی نەکەن، هاوکات جەمسەرەکانی دیالۆگ و راگۆڕکێ بە ئاخاوتن بکەن، دیالۆگ و دەرچوون لە زات، بواری خۆسەلماندنی فیلیایە، بواری وەدیهاتنی دۆستایەتییە، واتا ئەو پێوەندییەیە کە وا لە کۆبوونەوەکان دەکات ببنە شارو بولیس، ئەوکاتە مرۆڤایەتی بەرزدەکاتەوە لە ئاژەڵییەوە بۆ مەدەنیەت، دواجار وای لێ دەکات هاووڵاتیەکی سازدراو بێت بۆ پێکەوەژیان.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**



# عەدنان حوسێن:

# بنەماکانی دەوڵەتی عێراق لەرزۆکن و لەسەر لمی تائیفی بونیادنراون

**باروودۆخی عێراق لەڕووی سەقامگیری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپ دەبێت و کار گەیشتۆتە ئەوەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەزندەی خراپتری لێبکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێستای عێراق، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووسی عێراق ئەنجامداوە، لەم دیمانەیەدا عەدنان حوسێن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەم باروودۆخە کۆنترۆڵ بکرێت، ئەمەش دەقی وتوویژەکەیە.**

*** تێڕوانینت بۆ باروودۆخی ئێستای عێراق چییە؟**

- پێموایە باروودۆخی عێراق لە ئێستا خراپتر نابێت و ئەگەر سەیری بکەین دەبینین باروودۆخەکە زۆر خراپترە لەوەی بەر لە ساڵێك هەبوو، ساڵی پاریش هەمان شتمان دەوت بۆ ساڵانی پێشتر، واتە باروودۆخی سیاسی رووەو خراپترو پرۆسەی سیاسی بەرەو هەڵدێر هەنگاو دەنێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پرۆسەکە لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی قێزەوەن و بێزەوەرە و ئەوەی ئێستا روو دەدات لە دەرئەنجامی ئەوەیە کە پرۆسەکە لەسەر بنەمایەکی لەرزۆك و لەسەر لم بونیاد نراوە و هەر شتێکیش لەسەر لم بونیاد بنرێت زۆر بە ئاسانی دەڕووخێ، بە واتایەکی دیکە هەر پرۆسەیەك لەسەر بنەمایەکی تائیفی بونیاد نرابێت واتە لەرزۆکە، ئێستا ئێمە باجی ئەوە دەدەین کە سیستمی سیاسی لەسەر بنەما و پرەنسیپە باوەکانی دیموکراتی بونیاد نەنراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای موحاسەسە و تەوافوق و تائیفیەت بونیاد نراوە، واتە پرۆسەکە بە گشتی کەوتووەتە دەست ٤-٥ کەسێکی سەرۆکی کوتلەکان، کە دەستیان بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا گرتووە و کوتلەکانیش تائیفین و لەسەر بنەمای تائیفی رەفتار دەکەن، بەمەش جۆرێك لە شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا هەیە کە نەپچڕاوە و هەڵبەزە و دابەزەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ئەم شەڕە گەیشتە لوتکە، ئێستاش خەریکە دووبارە دەگاتەوە لوتکە ئەگەر بەشێوەیەکی جیاوازیش بێت، چونکە ئێمە رۆژانە بە خوێنی عێراقییەکان ئەو باجە دەدەین و ئەوەی تێبینی دەکرێت کردەوە تیرۆریستیەکان مۆرکی تائیفیان پێوە دیارە، ئەوانەی ئێستا دەکوژرێن لەسەر بنەمای تائیفیە و دەبینین شیعە سوننەکان دەکوژن و بە پێچەوانەشەوە، من ئەو بیانووەی حکومەت رەت دەکەمەوە گوایە ئەو تەقینەوانە قاعیدە و پاشماوەکانی رژێمی بەعس ئەنجامیان دەدات، راستە قاعیدە و بەعسیەکان بەشێك لە بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرن، بەڵام بەرپرسیاریەتی کردەوە تیرۆریستییە گەورەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هێزە سیاسییە تائیفیە شیعی و سوننەکان و میلیشیاکانیان، بۆیە کاتێك پرۆسەی سیاسی لەسەر بنەمای تائیفی بێت، ئەوا پتەو نابێت و من خۆم پێموانییە باروودۆخەکە و پرۆسەکە بەرەو باشتر بچن، تەنانەت یاسای هەڵبژاردنەکان

کە بەم دواییانە دەرچووە، بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد و زۆر لە بڕگەکانی پێچەوانەی دەستوورن، ئەو دەستوورەی کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا وەلا نراو بە پێچەوانەی بڕگەکانی کار کراوە، بەشێوەیەکی گشتی من ئاسۆیەکی باش نابینم بۆ پرۆسەی سیاسی.

*** ئێمە لە ٢٠٠٣ـەوە بەوشێوەیە بارودۆخەکە بەڕێ دەکەین، بەڵام لە دەستووردا بڕگەیەکی گرنگ هەیە باس لە فیدرالیەت دەکات بەم پێیەش هێزی مەرکەز وەك هێزی هەرێمەکان نییە، کەچی ئێستا پێچەوانە بووەتەوە، هەرێمەکان لاوازن و مەرکەزیش بەهێزترە، ئایا لەم نێوەندەدا دەستوور چۆن جێبەجێکراوە و بۆچی ئەم هزرە سیاسیە داپۆشراوە بە تائیفیەت و چۆن دەتوانین ئەم حاڵەتە بگۆڕین؟**

- لە ٢٠٠٣ـەوە تا ئێستا هیچ فیدرالیەتێك نەبووە، ئەو فیدرالییەی هەیە دەرەنجامی رووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ـە کە لەو ساڵەوە هەرێمی کوردستان ئەو بارودۆخەی هەیە بەهۆی راپەڕینی گەلەکەی و سەرکەوتنی ئەم راپەڕینە، ئەو پرۆسە سیاسییەی لە دوای ٢٠٠٣ هاتە ئاراوە هیچ ئیزافەیەکی بۆ ئەو بارودۆخە نەبووە، بەڵکو ئاستەنگی دروستکرد بۆ پەرەپێدانی سیستمی فیدرالی، بۆ نموونە ئەوەی پێوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە ماددەی ١٤٠ تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە کە دەبوایە لە کۆتایی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرابایە، هەروەها مافی فیدرالی نەدرا بە هیچ ناوچەیەکی دیکەی عێراق، بەڵکو کاتێك داواکرا بە فیدراڵی بکرێت رێگای پێنەدرا، بۆیە دەبینین تاکڕەوییەکی زۆر لە دەسەڵاتی مەرکەزدا هەیە کە ئەمەش دەرەنجامی پرۆسەی سیاسییە و کوتلەی گەورە جڵەوی کارەکانی گرتووەتە دەست و ململانێی نێوان دەسەڵاتی ناوەندە کە دەیەوێ بیسەپێنی و بەسەر حکومەتە خۆجێیە لاوازەکان، بۆتە هۆی پەکخستنی پرۆسەی گەشەپێدان لە پارێزگاکان، چونکە لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا هەموو پارێزگاکانی عێراق جگە لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان نەبێت وێران و کەلاوەن و هیچ پرۆژەیەکی پەرەپێدانیان تێدا ئەنجام نەدراوە.

لە سیستمی دیموکراتیدا گرێبەستێك هەیە لە نێوان هاووڵاتی و دەوڵەت ئەم گرێبەستە بە دەستوور دادەڕێژرێت واتە دەستوور گرێبەستی نێوان هەردوولایە، بەڵام سەرەڕای هەموو کەموکوڕیەکانی دەبینین دەستوور پەکخراوە، چونکە نە ئەنجوومەنی نوێنەران و نە حکومەت و نە دەسەڵاتی دادوەری پێوەی پابەندن، ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی هاووڵاتی بوون، بۆ ئەوەی دیموکراسیەت پتەو بێت و رەگی دابکوتێت پێویستە سەرەتا پابەند بن بە دەستوور، دووەم پێویستە چاو بە دەستوور بخشێنرێتەوە کە ئەمەش لە خودی دەستووردا هاتووە و بەپێی ماددەیەك دەبوایە دوای شەش مانگ ئەو کارە ئەنجام درابا، کەچی ئێستا ٧ ساڵ تێپەڕیوە و ئەو لیژنەیەی کە دامەزرا راسپاردەکانی خۆی خستەڕوو سەبارەت بەو ماددانەی کە پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و بریتین لە ٥٠ ماددە واتە زیاتر لە سێ یەکی ماددەکانی دەستوور، بەڵام پەرلەمان باسی نەکردووە و گفتوگۆشی لەسەر نەکراوە، بۆیە هیچ دەرفەتێك نەماوە بۆ بیرکردنەوە لە بوونی هاووڵاتی بوونێکی راستەقینە.

*** ئێستا بودجەی عێراق دیار و ئاشکرایە کە نزیکەی ١٥٠ ملیارد دۆلارە، لەم چەند ساڵەی رابردوودا هیچ گۆڕانکارییەك لە زۆر بواری دیاریکراودا رووی نەداوە، هەموو کەناڵەکان وەستاون، پەرلەمان نەیتوانیوە بڕیاری گرنگ دەربکات، حکومەت هیچ شتێکی روونی پێشکەش نەکردووە، هۆکارەکان چین؟ ئایا بەستراون بە فیکرەوە کە لەلایەنی سیاسەتمەدارە عێراقییەکان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات؟ یان نەبوونی توانایە. یان فشاری دەرەکی زۆر هەیە و چارەسەرەکان چین؟**

- من هەمیشە دژی ئەو بیرۆکەیەم کە هۆکاری دەرەکی کاریگەری بەسەر ناوخۆوە هەیە، رەنگە هەبێت بەڵام بەشێوەیەکی کەم، فاکتەری ناوخۆ کاریگەریی زۆر زیاترە، ئەو سەرنەکەوتنە گەورەی لە عێراقدا هەیە و رووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرنەکەوتن و گەندەڵی چینی سیاسەتمەدارانی عێراق، چینێکی سیاسیمان نییە لەو ئاستە بێت کە دەوڵەت بونیاد بنێت و پیاوانی دەوڵەت بەرهەم بهێنێت، بەڵکو زۆربەی ئەوانەی بەرهەمی هێناون دزن کە ئەوانیش تەنیا خەریکی تاڵانکردنی ماڵی گشتین، بۆیە هەموو شتێك پەکخراوە و بە هیچ شێوەیەك دەوڵەتێك بونیاد نانرێت لەسایە چینێك کە بەو شێوەیە بیر بکاتەوە و لە کێبڕکێدا بێت بۆ تاڵان کردن و هیچ کات و کەسانیش تەرخان ناکات بۆ مەسەلەی بونیادنانی دەوڵەت.

*** پێشبینی هیچ گۆڕانکارییەك دەکەی لە دوای هەڵبژاردنی داهاتوو؟**

- نەخێر، چونکە یاسای هەڵبژاردنی نوێ کە بەر لە چەند رۆژێك پەسەند کرا، هۆکارێکە بۆ مانەوەی ئەم چینە سیاسییەی ئێستا بوونیان هەیە و ئەوانەی گرفتیان دروستکردووە بە هیچ شێوەیەك ناتوان چارەسەرێك دروست بکەن و چارەسەر لەسەر دەستی ئەوان نابێت، بەڵکو دەبێ چارەسەر بە شێوەیەکی دیکە بێتە ئاراوە و دەبێ گەل ئەم چارەسەرە بکات، ئەویش بە هەڵبژاردنی کەسانێکی جیاواز لەوانەی ئێستا لە گۆڕەپانداهەن، بەڵام ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە ئەم چینە لە دەسەڵاتن و ئەوانیش ئاراستەی هەڵبژاردنەکان دیاری دەکەن و لە هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە عێراق ساختەکارییەکی زۆر دەکرێت و لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا ساختەکاری دەکرێت، هەروەها کڕینی دەنگەکان و بەکارهێنانی پارەی دەوڵەت.

*** بینیمان زۆر لە مەرجەعیە ئایینییە جیاوازەکان لە سەرەتا زۆر دەستیان دەخستە نێو کاروباری سیاسی وڵاتەوە، بەڵام لە ٣-٤ ساڵی رابردوودا دەبینین ئەم دەستێوەردانە کەم بووەتەوە، پێتوایە هۆکارەکەی چییە ئایا بێ ئومێد بووە لە چینە سیاسییەکە؟**

- ئەم مەرجەعیەتە بێدەنگە، چونکە دەزانێت کە هیچ کەسێك گرنگی بە قسەکانی نادات، لە دەیان کاردا هەڵوێستی خۆی بە ئاشکرا و نا ئاشکرا خستووەتە روو، بەڵام چینە سیاسییەکان گوێیان بۆی شل نەکردووە و گرنگیان پێنەداوە و تەنیا وەك بیانوو و بۆ پەردەپۆش کردنی سیاسەتەکانی خۆیان وایان نیشاندا کە لەژێر فەرمان و راسپاردەی مەرجەعیەکاندان، لە راستیدا وا نەبوو، چونکە ئەوەی مەرجەعیەت داوای کردووە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان یەکی نەدەگرتەوە.

**جۆرێک لە شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا هەیە کە نەپچڕاوە و هەڵبەزە و دابەزەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ئەم شەڕە گەیشتە لوتکە، ئێستاش خەریکە دووبارە دەگاتەوە لوتکە**

**ئەو پرۆسە سیاسییەی لە دوای ٢٠٠٣ هاتە ئاراوە هیچ ئیزافەیەکی بۆ بارودۆخی عێراق نەبووە نموونەی ئەوەی پێوەندی بە هەرێمی کوردستانەو هەیە ماددەی ١٤٠ تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە کە دەبوایە لە کۆتایی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرابایە، هەروەها مافی فیدراڵی نەدرا بە هیچ ناوچەیەکی دیکەی عێراق**

**بەرپرسیاریەتی کردەوە تیرۆریستییە گەورەکان دەکەوێتە ئەستۆی هێزە سیاسییە تائیفیە شیعی و سوننی و میلیشیاکانیان**

**لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا هەموو پارێزگاکانی عێراق جگە لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان نەبێت وێران و کەلاوەن و هیچ پرۆژەیەکی پەرەپێدانیان تێدا ئەنجام نەدراوە**

### دەربازبوون لەگرفتە بەردەوامەکانی قوتابیان و خوێندن پێویستی بەتێڕوانینی نوێ هەیە

# لێکتێنەگەیشتنی نێوان زانکۆکان و کەرتی تایبەت زیانی بە بازاڕی کار گەیاندووە

لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ١٢٠ هەزار قوتابی لە ١٣ زانکۆی حکومی و ١٥ هەزار قوتابیش لە ٨ زانکۆی تایبەت دەخوێنن و نزیکەی ١٢ هەزار مامۆستای زانکۆش هەیە، لەچوارچێوەی بەرنامەی تواناسازیشدا ٤٠٠٠ قوتابی بۆ خوێندنی ماستەرو دکتۆرا لە زانکۆکانی دەرەوە دەخوێنن؛ ئەم ژمارانە بەراورد بە ساڵی ١٩٩١ کە ئەوکات تەنیا زانکۆی سەلاحەددین هەبوو گۆڕانکارییەکی ژمارەیی گەورەیە؛ هەربۆیە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و بەرزکردنەوەی کوالێتی و دڵنیایی جۆریی پێویستە بەرنامەو سیاسەتی نوێ پەیڕەو بکرێت، سیاسەتێك بتوانێت کۆتایی بەگرفتەکانی وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی بۆ زانکۆ حکومیەکان و کێشەی بەشە ناوخۆییەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندنی ماستەرو دکتۆرا بهێنێت، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیش بتوانێت بە ئەرك و پەیامی یەکەمی خۆی هەڵسێت کە بریتییە لە: (پێگەیاندنی پسپۆرانی تایبەتمەند بۆ بوارە جۆراوجۆرەکانی ناوکۆمەڵگا) بەرادەیەك دەرچووانی زانکۆ لەئاست پێداویستی و داخوازییەکانی بازاڕی کاردا بن. نەبوونی لێکتێگەیشتن لەنێوان زانکۆکان و کەرتی تایبەت و بوونی کەلێن لەنێوان وەزارەتەکانی حکومەت و زانکۆکاندا کاریگەریی خراپی بۆ سەر پەرەپێدانی مرۆیی هەبووە، ئەو پەرەپێدانەی کە لەقۆناغەکانی بونیادنانی نەتەوەدا پێویستمانە. بەو پێیەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەیەکێك لەو وەزارەتە هەستیارانە دادەنرێت کە ئەم ئەرکەی لەسەر شانە. گرنگە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە؛ ئایا وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەئەرکی پێگەیاندنی کادیریی پسپۆر بۆ دامەزراوەکانی ناوکۆمەڵگا سەرکەوتوو بووە؟ گەر سەرکەوتوو بووە ئەی بۆچی کەرتی تایبەت پێیانوایە دەرچووانی زانکۆ لەئاست داخوازیەکانی ئەم قۆناغەی بازاڕ و ئابووریدا نین؟ ئەوەتا بۆ بەدەستهێنانی کادیریی بەتواناو پێشکەوتوو زۆربەی ئەو کۆمپانیانەی لەم وڵاتەدا کاردەکەن پەنایان بۆ دەستی کاری بیانی و هێنانی شارەزایان و پسپۆرانی بیانی بردووە. زۆربەی جاریش پسپۆرەکانی زانکۆ بەشداری لەبوارێکدا دەکەن کە دوورە لە پسپۆرایەتیەکەیانەوە، بەمەش قوتابییەك ١٦ ساڵ دەخوێنێت و دەرئەنجام یا بێکار دەمێنێتەوە یا لەبوارێکی دوور لە پسپۆرایەتی خۆی کار دەکات.





دکتۆر نەژدەت ئاکرەیی بۆ (گوڵان):

# لێکتێگەیشتن لەنێوان زانکۆکان و بازاڕی کار نییە

## بازاڕی کاری ئێمە دامەزراوەیی نییە و لەکۆمەڵە دەوڵەمەندێک پێکهاتووە کە بەدەگمەن عەقڵیەتی بیزنسمانیان تێدایە

■

## ئەزموونی بەڕێوەبردنی بەشە ناوخۆییەکان لە ڕێگای کۆمپانیاکانەوە سەرکەوتوو دەبێت

■

**دکتۆر نەژدەت ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی توێژینەوەو پەرەپێدان لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەم دیمانەیەی (گوڵان)دا باس لەوە دەکات وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کار لەسەر هەردوو تەوەرەی پێگەیاندنی کادیری پسپۆر بۆ گشت دامەزراوەکانی کۆمەڵگا و توێژینەوەی زانستی کردووەو لەهەندێک بواریشدا بەنیازن سیستەمی نوێ پەیڕەو بکەن بەتایبەتی لەچارەسەرکردنی کێشەی لێکتێنەگەیشتن لەنێوان زانکۆکان و کەرتی تایبەت و گرفتی بەشە ناوخۆییەکان. ئەمەش دەقی دیمانەکەی بەرێزیانە.**

**مەرج نییە تەنیا لەزانکۆ حکومییەکان مافی خوێندن بۆ هەمووان دابین بکرێت؛ زانکۆ تایبەتەکانیش لەم بوارەدا ڕۆڵیان هەیە**

**هێشتا نەگەیشتووینەتە بوارەکانی ئابووری مەعریفەیی کە تێیدا زانکۆ خزمەتگوزارییەکانی خۆی پێشکەش بەدامەزراوەکانی کۆمەڵگا بکات**

**زانکۆ تایبەتەکان لەهەوڵی وەرگرتنی زۆرترین قوتابی و بەرزکردنەوەی نرخی خوێندنیانن، بەڵام پێوەرەکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی سنوورێکی بۆ ئەم مەسەلەیە داناوە**

*** هەموو ساڵێك ژمارەیەك لەدەرچووانی ئامادەیی ناویان لەوەرگرتنی زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان ناگەڕێتەوە؛ دووبارەبوونەوەی ئەم گرفتە بۆچی دەگەڕێتەوە ئایا وەزارەتی خوێندنی باڵا لەم ڕووەوە چ هەنگاوێکی ناوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە؟**

- لەهەرێمی کوردستان ١٣ زانکۆی حکومی هەیە واتا زانکۆکانی کوردستان لەرووی ژمارەییەوە زۆر گەشەیان کردووەو فراوانیش بوون، وەرگرتنی قوتابیانیش لەم زانکۆیانە بەپێی فەلسەفەی قبوڵی مەرکەزییە کە ساڵانە قوتابیان بەپێی کۆ نمرەو ویستەکانی خۆیان دابەش دەکرێن. لەم ساڵانەی دواییشدا مەرج نییە زانکۆکان هەموو دەرچووانی ئامادەیی وەربگرن، چونکە توانای وەرگرتنی سەرجەم دەرچووانی ئامادەیی لەلایەن زانکۆ حکومیەکانەوە سنووردارە، هاوکات ژمارەیەکیش لەوانەی وەرنەگیراون لەزانکۆ ئەهلیەکان وەردەگیرێن. بەمشێوەیە وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆکان بەپێی وەرگرتنی ناوەندییەو لەسەر بنەمای سیستەمە سۆشیالیستەکانە واتا هەرکەسێك لەئامادەیی دەربچێت پێویستە لەزانکۆکان وەربگیرێن لەکاتێکدا لەجیهانی ئەمڕۆ ئەمجۆرە فەلسەفەیە نەماوە «مافی خوێندن بۆ هەمووانە بەڵام تەنیا لەرێگای حکومەتەوە نییە، بەڵکو بەشێکی زۆری لەرێگای کەرتی تایبەتەوەیە» بوارەکانی خوێندنی تایبەت کراوەیەو بۆ هەمووانە. لەهەرێمی کوردستان زانکۆکان ژمارەیەك لەقوتابیان بەتایبەتی ئەوانەی کۆنمرەکانیان لە خوار ٦٠ـەوەیە ناتوانن وەریانبگرن. ئەم کێشەیە لەدەوڵەتانی دەوروبەریش هەیە و ڕێژەی وەرگرتنی قوتابیان لەزانکۆ حکومیەکان کەمە لەتورکیا تەنیا لە ١٠٪یەو لەئێران لە ٥٪ قوتابیەکانی تر هەمووی لەزانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن.

*** وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ ئەهلیەکان لەسەر چ بنەمایەکە؛ ئایا پێتوانییە نرخی خوێندن لەم زانکۆیانە بەراورد بە داهاتی خێزانەکانی قوتابی بەرزە؟**

- زانکۆ تایبەتەکان لەهەرێمی کوردستان کە نزیکەی ١٠ زانکۆ دەبێت و گرنگترینیان بریتین لەزانکۆکانی (ئەمریکی سلێمانی - جیهان — سێربس — نەورۆز — حەیات — کۆمار — گەشەپێدانی مرۆیی) ئەم زانکۆیانەش کە نزیکەی ١٥ هەزار قوتابی تێیدا لەسەر بنەمای کرێی خوێندن لەم زانکۆیانە دەخوێنن و لەرووی دابینکردنی کادیری پسپۆری جیاجیا بەهاوشێوەی زانکۆ حکومیەکان خزمەت بەکۆمەڵگا دەکەن، زانکۆ تایبەتەکان لەسەر بودجەی خۆیان کاردەکەن و پێداویستی خوێندن و مامۆستای پسپۆر دابین دەکەن؛ وەرگرتنی قوتابیانیش لەم زانکۆیانە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییەوە دەستنیشان دەکرێت و ئەو کۆلێژو بەشانەی کە دەکرێنەوە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت بەدڵنیایی جۆریی دیراسەت دەکرێت و بەپێی ئەو مەرجانەی لەیاسای زانکۆ تایبەتیەکان دەستنیشان کراون ئاماژەی پێدەکرێت، ئەزموونی ئێمە بۆ زانکۆ ئەهلیەکان نزیکەی بۆ ١٠ ساڵ دەچێت و بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت لەوەزارەت هەیە بۆ رێکخستنی کاروبارەکانیان. زانکۆ تایبەتەکان کە ساڵانە نزیکەی ١٠ هەزار قوتابی وەردەگرن و ئەرکی خوێندن لەسەر خۆیانە. بەپێی یاسای زانکۆ تایبەتەکان کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە تێیدا هاتووە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەرپەرشتی ئەم زانکۆیانە دەکات هەر لەکرێی خوێندن و پرۆگرام و ژمارەی وەرگرتنی قوتابیان، بەتەئکیدیش زانکۆ تایبەتەکان لەهەوڵی وەرگرتنی زۆرترین قوتابی و بەرزکردنەوەی نرخی خوێندنیانن، بەڵام پێوەرەکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی سنوورێکی بۆ ئەم مەسەلەیە داناوە، گەر بەراوردی خوێندنی تایبەت لەزانکۆکانی کوردستان لەگەڵ زانکۆکانی جیهان و وڵاتانی دەوروبەری خۆمان بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە زانکۆ تایبەتەکانی کوردستان بەراورد بەزانکۆکانی ئوردن و لوبنان و تورکیا و ئێران نرخی خوێندنی بەرێژەی لە ٥٠٪ کەمترە.

*** بۆچی لەسیاسەتی وەرگرتنی قوتابیان لەزانکۆو کۆلێژو بەشەکانیدا رەچاوی پێداویستی بازاڕی کار ناکرێت، بەبەردەوام کەرتی تایبەت رەخنەی ئەوەی هەیە کە لەئامادەکردنی پسپۆری جیاجیادا زانکۆکانی کوردستان رەچاوی پێداویستی ئەوانی نەکردووە چ لەرووی کوالێتی و شارەزاییەوە بێت کە لەگەڵ قۆناغی ئەمڕۆ ناگونجێت یا لەرووی چەندایەتیەوە بێت؟**

- ئامادەکردنی کادیری پسپۆرو شارەزا بۆ بوارەکانی مەعریفەو کار ئەرکی سەرشانی زانکۆ حکومی و تایبەتەکانە، من پێموایە زانکۆکانی حکومی و تایبەتیش رەچاوی پێداویستی بازاڕی کار بۆ دەرچووەکان کراوە، چونکە ئەگەر ساڵانی پێشوو وەرگرتنی قوتابیان بەشێوەی گشتی دەبوو کە وایدەکرد هەندێك پسپۆر زۆر بێت و هەندێك پسپۆری دیکەش کەم بێت، ئێستا بەو شێوەیە نییە پلانی وەزارەت کە دێت بۆ زانکۆکان و کردنەوەی بەشی نوێ لەسەر بنەمای رەچاوکردنی پێداویستی بازاڕی کار دیراسەت دەکرێت. بۆ نموونە بوارەکانی پزیشکی و ئەندازیاریی و یاساو زانستی ئابووری و کارگێڕیی و ژمێریاریی و گەشتیاریی و. کە لەبازاڕی کار چی لەحکومەت یا کەرتی تایبەت سوودی لێوەردەگیرێت.

لەگەڵ ئەوەش دا لەمەسەلەی ئەکتیڤکردنی زانکۆکان و بازاڕی کارو لێکتێگەیشتن نییە و قۆناغێکی وا پێشکەوتوومان نەبڕیوە، تەنانەت بازاڕی کاری ئێمە دامەزراوەیی نییە و لەکۆمەڵە دەوڵەمەندێك پێکهاتووە کە عەقڵیەتی بیزنسمانیان تێدا نییە، بیروبۆچوونی دەوڵەمەندو بیزنسمان جیاوازە لەکاتێکدا بیزنسمان لەپرۆسەی پەرەپێدانی کۆمپانیاو دامەزراوەکەیدایە وا بیردەکاتەوە سوود لەزانکۆو تواناکانی وەرگرێت کە ئەمجۆرە بیزنسمانە لەهەرێمەکەدا دەگمەنن، ئەوەی هەمانە دەوڵەمەندەکانن لەسەر پرۆژەو بازرگانی کار دەکەن و تەنیا بیر لەبەدەستهێنانی قازانج دەکەنەوە.

*** کەواتە ئێوەش گلەیی و رەخنەتان لەکەرتی تایبەت هەیە، ئەی چارەسەر چییە بۆ کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان دەرچووانی زانکۆکان و بازاڕی کار؟**

- ئێمە ناتوانین سیستەم و پرۆگرامە ستاندارەکانی خۆمان

تێکبدەین بۆ کەرتێك کە تا ئێستا نەگوتارو نە پێناسەیەکی روون و ئاشکرای هەیە، لێرەو لەوێ هەوڵێك هەیە بۆ دروستبوونی عەقڵیەتی بیزنسمان بەتایبەتی لە پرۆژە نەوتیەکان و هەندێك پرۆژەی وەبەرهێنان. بۆ لێکنزیکبوونەوەو دۆزینەوەی زمانێکی لێکگتێگەیشتن پێویستی بەهەماهەنگی لەنێوان زانکۆکان و ژووره بازرگانی و یەکێتیەکانی وەبەرهێنان و هاوردەو ناردن و ئابووریناسان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەنگاوی باشی لەبواری گەشەپێدانی مرۆیی بڕیوه ئەوەتا بەسێ قۆناغ لەچوارچێوەی بەرنامەی تواناسازیدا ٤٠٠٠ قوتابیمان لەزانکۆکانی وڵاتانی بیانی دەخوێنن، ئەمەجگە لەوەی لەهەرێمی کوردستان ٨ زانکۆمان هەیە کە خوێندنی ماستەرو دکتۆرای تێدایە (سەلاحەدین – سلێمانی – دهۆك – کۆیە – سۆران – راپەڕین – گەرمیان – هەولێری پزیشکی) لەبواری بڕوانامەی دکتۆرادا سیستەمی نوێ پەیڕەو دەکەین، ئەو سیستەمە کۆنەی جاران نییە و چەند سیستەمێکمان بۆ خوێندنی دکتۆرا هەیە.

*** لەزانکۆکانی کوردستان نامەو توێژینەوەی زانستی و تێزی دکتۆرایەکی زۆرمان هەیە کە زۆر بەدەگمەن لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانەوە سوودی لێوەردەگیرێت؛ ئەمە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- توێژینەوەی زانستی ئەرکی دووەمی وەزارەتمانە کە بەپێی یاسای ژمارە ١٠ دەستەی کوردستان بۆ دیراساتی ستراتیژیی و توێژینەوەی زانستی لەسلێمانی لەئاستی زانکۆیەکدا هەیە کە شەش سەنتەری توێژینەوەی زانستی لەخۆدەگرێت، هەروەها لەزانکۆکانی سەلاحەدین و هەولێری پزیشکی سەنتەری توێژینەوەی زانستی لەئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە و لەزانکۆکانی تریش وەکو ئاستی بەشی زانستی ئەم سەنتەرانە بوونیان هەیە. هەرچی نامەکانی ماستەرو دکتۆرا بەتوێژینەوە هەژمار دەکرێت دواتر ئەو سیمنارو وۆرك شۆپ و راپۆرتانەی سەنتەرەکان دەیکەن لەناوخۆی هەرێمدا یا لەدەرەوە یاخود بەهاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەهەمانشێوە بەتوێژینەوە ئەژماردەکرێت، ئێستا سیستەمێکی ترمان هەیە هەر مامۆستایەك دەتوانێت بۆ ماوەی ٦ مانگ بچێتە دەرەوەو پۆست دکتۆرا بخوێنێت و لە پرۆژەیەکدا کار بکات.

لەمبوارەدا هەنگاوی پراکتیکیمان ناوەو هەر نامەیەکی ماستەرو دکتۆرا هەیە دەچێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و وەزارەتی پێوەندیدار، تەنانەت هیچ پۆستێکی شارەزا یا راوێژکار نادرێت لەدامەزراوەکانی حکومەت تا هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ نەکرێت لەلایەن لیژنەیەکی زانستی لەزانکۆی تایبەتمەندەوە، هەماهەنگیمان هەیە لەنێوان فەرمانگەی توێژینەوەو پەرەپێدان و سەنتەرەکانی توێژینەوە بۆ نموونە لەبواری نەوت و جیولۆجی و ئابووری و یاسایی و بانك و گەشتوگوزار. لەراستیدا هێشتا ئێمە نەگەیشتووینەتە بوارەکانی ئابووری مەعریفەیی کە تێیدا زانکۆ خزمەتگوزارییەکانی خۆی پێشکەش بەدامەزراوەکانی کۆمەڵگا بکات و ئەزموونەکانی مالیزیاو کۆریای باشورو ئەندەنوسیا لەمبوارەدا دەوڵەمەندە.

*** گرفتەکانی بەشە ناوخۆییەکان و خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی قوتابیان بەرامبەر بەبوونی کەموکوڕی و کەمتەرخەمی بەردەوامی هەیە؛ وەزارەت هیچ بەرنامەو پلانێکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەردەوامە هەیە؟**

- ساڵانە حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیەکی باشی قوتابیانی لەمبوارەدا کردووە و نزیکەی ٧٠٪ی قوتابیان ئەوانەی وەردەگیرێن لەبەشە ناوخۆییەکان دەخوێنن و دەرماڵەی مانگانەیان دەدرێتێ، بەڵام بەشە ناوخۆییەکان بێ کەموکوڕیی و گرفت نین، وەزارەت دیراسەی ئەم گرفتەو چارەسەرکردنی کردووە بەوەی دەبێت سیستەمێکی کارگێڕی تازە دابنرێت و لەسەر ئەم بنەمایە پێشنیاری وەزارەت بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کەرتی تایبەت رۆڵی هەبێت لە بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان و لەڕووی کارگێڕی و دابینکردنی پێداویستیەکانی خزمەتگوزارییەوە لەلایەن کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانەوە دابین بکرێت و وەبەرهێنان لەمبوارەدا بکەن و هەر قوتابیەك نرخێکی دەدرێتێ، بۆ نموونە کۆمپانیا دێت و مانگانە نرخی قوتابیەك بە ٢٠٠ دۆلار دەخەملێنرێت و لەبەرامبەردا هەموو پێداویستی و ئەرکی بەڕێوەچوونی بەشە ناوخۆییەکە دابین دەکات. ئەم ئەزموونە لەزۆربەی دەوڵەتەکاندا هەیەو سەرکەوتووە. ئەو کات پێویستە رێکخراوەکانی قوتابیانیش رۆڵی خۆیان بگێڕن لە رێکخستنی ئەم بوارەو چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان لەگەڵ کۆمپانیاکاندا بەمەش لە رێگای بەڕێوەبردنێکی تازەوە دەتوانرێت چارەسەری باشی کێشەکانی بەشە ناوخۆییەکان بکرێت.

*** باسی رێکخراوەکانی قوتابیانت کرد لەهەرێمی کوردستاندا فراکسیۆنی رێکخراوەکانی قوتابیانمان هەیە کە نوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆری قوتابیان دەکەن، کەچی بەپێی پێویست گوێبستی داخوازیی و داواکارییەکانیان نین، ئایا ئەو کەلێنەی لەنێوان نوێنەرانی قوتابیان و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لەهەرێمی کوردستان فیدراسیۆنێك هەیە کە کاروباری زیاتر لە ١٢ رێکخراوی قوتابیان رێك دەخات و هەمووی ئەندامن لەو فیدراسیۆنەدا؛ لەزانکۆکان نوێنەری قوتابیان هەیەو کێشەکانی قوتابیان و داواکارییەکانیان دەخەنەڕوو، لەداهاتوودا پرۆژە یاسای خوێندنی باڵا باس لەوە دەکات قوتابیانی زانکۆ یەکێتیەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت و پرۆسەی هەڵبژاردن لەناو خودی زانکۆ بکرێت واتا میکانیزمەکە دەگۆڕدرێت، بەڵام ئەنجومەنی وەزارەت نوێنەری قوتابیانی تێدا نییە بەو پێیەی ئەم کێشانە زیاتر لەزانکۆکانەو ئەنجومەنی وەزارەت ستراتیژییەت دادەڕێژێت و ناچێتە ناو وردەکاریی کارەکانەوە. وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی گرنگی بە دڵنیایی جۆریی و هۆشیاری و تەندروستی و پاراستنی رێزگرتن لەحەرەمی زانکۆ و توێژینەوە دەدات.

**بازاڕی کاری ئێمە دامەزراوەیی نییە و لەکۆمەڵە دەوڵەمەندێک پێکهاتووە کە عەقڵیەتی و بیزنسمانیان تێدا نییە**

**هیچ پۆستێکی شارەزا یا راوێژکار نادرێت لەدامەزراوەکانی حکومەت تا هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ نەکرێت لەلایەن لیژنەیەکی زانستی لەزانکۆی تایبەتمەندەوە**